# کۆنگرەی شانزدەهەمی حیزب
# و پێویستیی گۆڕانکاریی ستراتێژیک

## کات کاتی گۆڕانکاریی بنەڕەتیە

مەجید حەقی

24.4.2017

پێشکەش بە هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات و ڕێبوارانی ڕێبازی قاسملووی هەمیشە زیندوو

# ناوەرۆک


پێشەکی ........ 3
پوختەی باسەکان ........ 5
کات کاتی گۆڕانکاری بنەڕەتییە - دیالۆگ پێشمەرجی گەیشتن بە ئاکامی هاوبەشە ........ 9
پێویستیی گۆڕانی قەوارەی حیزبی دێموکرات ........ 13
چ جۆر قەوارەیەک گونجاوی حیزبی دێموکراتە؟ ........ 16
ناوچەگەرایی شێرپەنجەی خەباتی نەتەوایەتی ........ 20
بەشداری نەدانی ژنان لە رێبەرایەتی حیزبدا، لە دەستدانی زیاتر لە نیوەی تواناییەکانی کۆمەڵەیەتیمانە ........ 23
پرسی دێموکراتیک بوونی بەشداری ژنان لە رێبەریدا ........ 24
بەشداری ژنان وەک پێویستیەک بۆ گەشەکردن ........ 25
یەکگرتنەوەی بنەماڵەی حیزبی دیموکرات بەرپرسایەتیەکی پرەنسیبی و ئەخلاقیە ........ 27
پێویستی پەروەردەی سیستماتیکی رێکخراوەیی ........ 32
سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەڵام دەری داهاتوو نیە ........ 36
پێویستی ستراتیژی راگەیاندن و پێوەندیەگشتیەکانی هۆشمەندانە ........ 40
جارنامەی رەوشتی دێموکرات پێویستی سەردەمی تۆرە کۆمەڵایەتیەکانە ........ 42
رۆڵی ئەخلاق لە گەشەکردنی حیزبدا ........ 44
پێناسەی جارنامەی ئەخلاقی رێکخراو ........ 44
رۆڵی جارنامەی ئەخلاقی لە رێکخراودا ........ 45

## پێشەکی

پرسی کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، جگە لە بڕیارە تەشکیلاتیەکان و هەڵبژاردنی ئەندامانی ڕێبەری، پرسێکی ناتەشکیلاتی، سیاسی و نەتەوەییە. بۆیە باسکردن لە مژارەکانی پێوەندیدار بە کۆنگرە و قەوارەی حیزبی دێموکرات نەک پرسێکی ناوخۆیی، بەڵکوو ئەرکێکی نشتیمانی و حیزبیشە. بەلەبەرچاوگرتنی بەربڵاویی ئەندامان و شوێندانەرانی حیزبی، هەوڵ دەدەم لە زنجیرە وتاریکدا ئەو مژارانەی کە لە ڕوانگەی منەوە دەبێ لە حیزبی دێموکراتدا ئاڵوگۆریان بەسەر دابێت بخەمە بەرباس و پێشنیاری خۆم لە ڕوانگەی ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو پێشکەشی بنەماڵەی دێموکرات و بەشدارانی کۆنگرەی شانزدەهەمی حیزب بکەم.

ماوەیەک لەمەوبەر بۆ سەفەرێکی کاری لە کوردستان بووم و لە نزیکەوە لە گەڵ ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب دیدار و گفتگۆم هەبوو. ئەوەی کە چەندین ساڵە پڕوام پێ بوو بەهێزتر لە جاران بوو. لە حیزبی دێموکراتدا، موناقشە، بەحس و موشاجرە بۆ "قانع" کردن یان بردنەوەی باسەکان هەیە. بەڵام جێگای دیالۆگێکی تەندوروست، یەکسان و بەشداریانە کە لەودا لایەنەکان بتوانن پێکەوە ئامانجی هاوبەش گەشە پێبدەن و بگەن بە ئەنجامی هاوبەش بە تەواوی خاڵییە. لایەنەکان هەوڵ دەدەن لە ڕێگای دەنگەکان و زیادکردنی ڕادەی دەنگەکان و لایەنگرنای خۆیان پرسەکانی خۆیان یەک لایی کەنەوە. شتێک کە تا ئێستا بە ئەزموونی لانی کەم چڵ ساڵی ڕابردووی حیزب ئاکامێکی نەبووە جگە لە پاسیڤبوون، لێکترازان و جیابوونەوە و لێکترازانەکانی ساڵانی ڕابردوو و ئەگەر ئەو ڕەوتە درێژە بکێشێ، دوور نیە دیسان تووشی لێکترازانی دیکە بین. بۆیە کاتی ئەوە هاتووە دیالۆگ جێگای بەحس و موشاجرە بگرێت، گەڕان بە دوای خاڵی هاوبەش و چارەسەری هاوبەش جێگای خۆسەپاندن و پەنابردن بە دەنگدەر و یەکلاکەرەوە لە ڕیگای ماسوولکە فیزیکیەکان بگرێتەوە.

لە زنجیرە باسەکەی خۆمدا هەوڵدەدەم لە پێوەندی لە گەڵ  پێویستیی گۆڕانی قەوارەی حیزبی دیموکرات، پرسی ناوچەگەرایی، پرسی ژنان، پرسی پەروەردە، یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات، پرسی میدیا و ڕاگەیاندنی حیزبی و هەروەها ئامانجی دوارۆژی حیزب کە هەر چوارساڵ جارێک دەبێتە یەکێک لە مژارەکانی گفتگۆی کۆنگرە ،باس بکەم.

ساڵێک لەمەوبەر بە دەسپێکی قۆناغی ڕاسان، پێڤاژۆیەکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێ بوو. سەرەڕای نرخی یەکجار زۆر بەرزی ئەو قۆناغە، هیوایەکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ نووژەن بوونەوە و دووبارە ڕاسانەوە ساز بووە، کە هەم حیزبی دیموکرات و هەم حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە و ڕۆشنبیران و وڵاتپارێزان ئەرکدار دەکات ئەو هیوایانە زیندوو ڕاگرن و هەستە پیرۆز و هیوابەخشەکان شکڵی مادديان پێ ببەخشن. بۆ وەڵامدانەوە بەو ئەرکە دەبێ لە خۆمانەوە

دەست پێ بکەین و حیزبی دێموکرات وەک ڕێبەری بزاڤی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەک نوێ بکەینەوە کە لە ئاستی ئەرک و ڕەساڵەتی خۆیدا بێت و هەرچۆنێک دامەزرانی ڕێنێسانسێک بوو لە بزاڤی نەتەوایەتیی کورد، هەرچۆنێک ڕێبەرێکی مۆدێرنی وەک قاسملوو ئەو حیزبەی لە ماوەیەکی کورتدا کردە گەورەترین و بەهێزترین حیزبی کوردستانی و ڕێبەری بایەغە نەتەوایەتیەکان، ئەو ڕێبەرییە لە داهاتووشدا درێژە بکێشێت و حیزبی دیموکرات هەروا هاوگونج بێت لە گەڵ سەردەم.

## پوختەی باسەکان

بە پرِوای من گرینگترین بابەتێک کە دەبێ کۆنگرەی شانزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان پریاری لەسەر بدات بریتین لە:

1) بەرینتر کردنی قووڵایی ستراتێژیک:

1. لەو پێوەندیەدا حیزبی دیموکرات دەبێ لە سەر چەمکی "رۆژهەڵاتی کوردستان"، "کوردستانی رۆژهەڵات" و "کوردستانی ئێران" پریارێکی یەکلاکەرەوە بدات. تا ئێستا نەبووە کە نشتیمانێکی داگیرکراو بە مۆرکی دەوڵەتی داگیرکار ببەسترێتەوە و ببێتە موڵکی ئەو دەوڵەتە. کەوابوو کوردستانی ئێران، شەرعیەت دانە بە دابەشکردنیک کە بە وتەی ریبەرانی ئێمەش لە دەرەوەی ئیرادەی ئێمە بووە. لە نێوان رۆژهەڵاتی کوردستان و کوردستانی رۆژهەڵات هەڵبژاردنی هەرکامیان لە راستیدا جۆری مامەڵەمان لە گەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان دەگۆرێت، چونکە هەرکام لەو هەڵبژاردنانە لە پلەی حقووقی کوردستان لە یەک جیادەکاتەوە. بەکار بردنی کوردستانی رۆژهەڵات بە پرِوای من هەڵەیەکی سیاسیە، چونکە ئێمە لە رۆژهەڵاتی کوردستان خوازیاری سیستەمێکی جیاوازی سیاسی لە باشوور وبەشەکانی دیکە نین. هەمووماں ئەگەر ویستی سەربەخۆیی خوازیمان نەبێت، داوای سیستەمی دێموکراتیک و فیدراڵی دەکەین و هەروەها بەشەکانی کوردستان بەشێک لە نشتیمانی کورد دەزانین. ئەو هەڵبژاردنە لەو روانگەیەوە گرینگە کە ئێمە پێگەی سیاسی و لە داهاتوودا ستراتێژی نەتەوایەتی خۆمان چۆن دادەرێژین.
2. پرسی دروشمی ستراتێژیک: دروشمی ستراتێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" دابین کردنی مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵی دا". بەکار بردنی وشەی "گەل" چەمکێکی چینایەتی دەورانی چەپی کۆنە کە دەبێ خۆمان لێی رزگار کەین. جیا لەوە جۆری فیدرالیزمێک کە داوا دەکەین واتە فیدرالیزمی جوغرافی نەتەوایەتی بۆخۆی کێشە خوڵقێنە و رێگە نادات قووڵایی ستراتێژیی خۆمان لە روانگەی کوردستانی بوونی ناوچە دوورەکانی کوردستان بەرین بکەینەوە و هەروەها ناتوانین لە وەها حاڵەتێکدا لەسەر پرسی ئەو شوێنانەی کە کێشەیان لە سەر هەیە بۆ نموونە ورمێ، نەغەدە، میانداو و ... پرسەکان بە شێوەی دێموکراتیک و کەم کێشە چارەسەر کەین. لە گەڵ ئەوەش پاراستنی بەرژەوەندی کوردانی دوورخراو لە خوراسان و گیلان دەتوانێت ببێتە یەکێک لە کێشەکانی داهاتوو. لەو رووەوە بە پرِوای من شیکردنەوەی جۆری فیدرالیزمی ئێمە زۆر گرینگە. من بۆخۆم پێموایە هەلبژاردنی دروشمی "دابین کردنی مافی چارەنووسی خەڵکی کوردستان لە ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدراڵی فرەنەتەوەدا" دەتوانێت گونجاوتر بێت بۆ خەباتی ئێمە و دەتوانێ پشتیوانی ناونەتەوەیی و پشتیوانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش بۆ لای خۆی راکێشێت.

3. ئێمە دەبێ خۆمان لە رووی سیاسی و رێکخراوەییەوە بۆ بەرەورووبوونەوە لە گەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە ئامادە بکەین و هێز و تواناکانی خۆمان کۆ بکەینەوە بۆ ئەوەی ببینە حیزبی پێشرەو، رێبەر و شوێندانەر لە سەر رووداوەکان.
4. پرسی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی دێموکرات: حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هۆی داپرانەکانەوە هێز و پۆتانسیەلێکی زۆری لە دەست داوە. لە کۆنگرەی پانزدەهەمدا کۆمیتەی ناوەندی راسپێردرابوو بۆ گفتگۆ و چارەسەری کێشەکان و گەیشتن بە یەکگرتنەوە. لە راستیدا کۆنگرە بریارێکی سیاسی کە کۆمیتەی ناوەندی ناچار بکات بۆ جێبەجێ کردنی نەدابوو. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە کۆنگرە بریاری سیاسی بدات لە پێوەندی لە گەڵ یەکگرتنەوەی بنەماڵەی دێموکرات و لە جیاتی پێکهێنانی هەیئەتی نوێنەرایەتی کۆمیتەیەکی کارناسانە کە لە نوێنەرانی هەردوو لا و پسپۆری بواری رێکخراوەیی و چارەسەری کێشەکان کە بە شێوەی کارناسانە پرۆسەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات بە کۆتایی بگەیەنن و هەنگاو بنێن بۆ پێکهێنانی پلاتفۆرمێکی کردەوەیی هاوبەش لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا.
5. دیاری کردنی لانیکەمی رێژەی بەشداریی ژنان لە ریبەریی حیزبدا: یەکێک لە پرسە سەرەکیەکانی حیزبی دیموکرات نەبوونی هاوگونجیی نێوان دروشم و کردەوەیە. حیزبی دێموکرات یەکەمین حیزبی کوردستانییە کە رێکخراوی تایبەت بە ژنانی پێک هێناوە ،بەڵام دەتوانم بەڕاشکاوانە بڵێم کەمترین کاری کردووە لە پێناو گەشەسەندنی یەکسانی لە کار و چالاکیی ریکخراوەیی و سیاسیی نێوان ژن و پیاودا. ژنان یان پەراوێز خراون یا خود وەک "یدک" وپاشکۆ سەیر کراون ،بۆیە نیوەی هێزی کۆمەڵایەتی و سیاسیمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەکار نەهێنراوە. دیاری کردنی لانی کەمی رێژەی بەشداریی ژنان لە رێبەری و بەرێوەبەریی حیزبدا ناچارمان دەکات بۆ پەروەردەی ژن و کادری پێویست و رێگای بەشداریی هاوبەش بۆ ژنان لە ناو رێکخراوەکانی حیزبی دا دەکاتەوە. لەو پێوەندیەدا ئێمە تەنانەت لە حیزبەکانی ناو خودی ئێرانیشدا دواترین، لە کاتێکدا ئەرکی ئێمەیە ببینە حیزبی پێشرەوی کۆمەلگا و دروشــمی ئێمە بەرەوپێشبردنی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لە هەموو بوارەکاندایە.

6. گۆرانی قەوارەی حیزبی:

پێویستی گۆرینی قەوارە:

a. قەوارەی ئێستا بەرهەمی هەلومەرجی جیهانی دوو (بعدی) و کۆمەڵگای تاک (بعدی) و ئایدیۆلۆژیە کە هەم سەردەمەکەی بەسەر چووە و هەم ژینگەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ئاڵوگۆری بەسەردا هاتووە
b. قەوارەی ئێستای حیزب قەیران خوڵقێن و تەولیدی ئینشعاب، انفعال و "درجا" لێدان دەکات و لە باشترین حاڵەتدا تەنیا وەزعی مەوجوود دەپارێزێت

c. حیزبی دێموکرات حیزبێکی ئایدیۆلۆژی نیە کە بتوانێ وەک حیزبەکانی چەپ تەولیدی فکری و ئایدیۆلۆژی بکات و لەو ڕێگایەدا گەشە بە بەرەوپێش چوونی سیاسی و تەشکیلاتی بدات

d. لە قەوارەی ئێستادا کۆمیتەی ناوەندی بە کردەوە لە بەرامبەر هیچ ئۆرگانێکدا وەڵامدەرەوە نیە، کەس ناتوانێ چاوەدێری لە سەر کار و باری بکات و لێپرسینەوە بۆ بکات، چونکە بۆ نموونە راپۆرتی چالاکی ک.ن بە کۆنگرە نادرێت، راپۆرتەکان تەنیا راپۆرتی سیاسیە

e. تەنگەژەی هۆیەت (هویت سیاسیمان لە گەڵ هویت تشکیلاتیمان لە تەزاد دایە)

f. قەوارەی ئێستا ناوچەگەرایی زیادتر دەکات و ئێمە ناتوانین هیچکات ناوچەگەرایی لە ناو ببەین، بەڵام دەتوانین بە گۆرینی بەشداری رێژەیی ناوچەکان (حوزەهای تشکیلاتی) لە پرۆسەی بریاردان و ریبەریدا ناوچەگەرایی بە شێوەی ئەرێنی بەکار ببەین

کەوابوو قەوارەی حیزب دەبێ بەشێوەیەک بگۆردرێت کە رێبەری سیاسی لە جێبەجێ کردن و لێپرسینەوە جیابکرێتەوە. ئەرکی ریبەری سیاسی پریاری سیاسی و جێبەجێ کردن کاری کەسانی پسپۆر و شارەزایە. نەفسی رێبەری بوون ناتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی کەسێک ببێ بە پێوەندی یان بەرپرسی بەشێک کە پێویست بە شارەزایی دەکات، کەڵک وەرگرتن لە شارەزایی وپۆتانسیەلەکان هاوکاری رێبەری سیاسی دەکات کە ئەرزش و بەهای ریبەری لە ئێستا بەرزتر بێتەوە و رێبەری سیاسی و پریاری سیاسی نزیک بە بەدەنە بێت و لە پریارداندا لە تواناکانی کەسانی شارەزا کەڵکی بەهینەیی وەرگیرێت. بەرلە جێبەجێ بوونی قەوارەی نوێ دەبی پەروەردەی پێویست بۆ ناسین و خۆئامادەکردن بۆ گونجان لە گەڵ قەوارەی نوێ ئەنجام بدرێ. واتە بەشێکی زۆر لە سازماندەهی و قەوارەی نوێ دەبێ بۆ کۆنگرەی داهاتوو جێبەجێ بکرێت. بێ زەمینەی پەروەردەیی ناتوانێت سەرکەوتوو بێت.

7. دروشمی دوارۆژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران واتە "وەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیزمی دێموکراتیک" دروشمێکە کە پێوەندی بە نەسڵی شەری ئایدیۆلۆژیەکان و سەردەمێک بوو کە سۆسیالیزم وەک چەمکێک و رێگا چارەیەکی کۆمەڵایەتی هەبوو. هەموو دیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەسپێک و کۆتاییەکیان هەیە. ئامانجەکانی سۆسیالیزمی دیموکراتیک جوان و جێی پەسەندن بەڵام وەڵامدەری سەردەمێک نین کە کێشەکانی ژینگەیی هەڕەشە لەهەموو جیهان و لەوانە لە کوردستان دەکات. لە کۆمەڵگایەکی وەکوو کوردستان بیرکردنەوە لە گەشەی بەردەوام و ئێکۆلۆژیک، ئابووری فرەرەهەندی و دادپەروەرانە واتە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی و دادپەروەرانە

دەتوانێت هەم گونجاوتر بێت و هەمیش وەڵامێک بێت بۆ لێگەر و چالشەکانی ئەمرۆ و دوارۆژی کوردستان.

6) بە پێروای من حیزبی دیموکرات پێویستە لە سەر داهێنان و نووسینی مانیفێستێکی ئەخڵاقی یان ستوونی ئەخڵاقی بۆ ئەندامانی حیزب و پێشمەرگەکانی پریار بدات و ئەو مانیفێستە یان ستوونە ئەخڵاقیانە لە هەموو بنکە و راگەیاندراوەکانی حیزبی دا بڵاو بکاتەوە.

## کات کاتی گۆڕانکاری بنەڕەتییە - دیالۆگ پێشمەرجی گەیشتن بە ئاکامی هاوبەشە

لە رابردوودا کێشەکانی نێوان جیناح و لایەنەکانی حیزبی و توندوتیژی هەڵسوکەوتیان لە گەڵ یەکتر بۆتە هۆی ئەوەی کە دەرفەتی کاری هاوبەش بە لانی کەمی خۆی بگات و بەو هۆیەوە چەندین داپران و جیابوونەوە لە حیزبی دێموکراتدا روویانداوە. ئەم رەوتە بۆتە هۆی ناسەقامگیری لە کاری سیاسی – کۆمەڵایەتی نێوان کوردانی رۆژهەڵات و کار و چالاکییە هاوبەشەکانی تووشی لێگەر و چالشی گەورە کردووە. بەداخەوە ئەمەش بۆتە هۆی لە دەستدانی هێز و بەهێزبوونی سیستەمی تۆتالیتەر و سەرکوتکاری کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا و لە ئەنجامی بۆشایی سیاسی – تەشکیلاتی بزاڤی شۆرشگێری و ناسنامەخوازانە هێزی لاو و پۆتانسیەلی بزاڤی رۆژهەڵات بەرەو لای ئەو هیزانەوە راکێشراون کە تەنیا رۆژهەڵات وەک کەرەستەیەکی تاکتیکی بۆ ساتوسەودای سیاسیی خۆیان بەکار دەبەن. لە ماوەی چەندین دەهەی رابردوودا ئەگەر هێزە سیاسیەکانی کوردستان و لەوانە حیزبی دێموکرات زەمینەکانی هاوکاری ناوخۆیی و کۆکردنەوەی هێز لە دەوری ئامانجی هاوبەشدا پێک بهێنایە ئەمرۆ کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی کوردستان پاشەکشەی زۆری پێدەکرا و کورد لە رۆژهەڵات دەبوو یەکێک لە ئەکتەرە دیاریکەرەکانی ئاڵوگۆرە سیاسیەکانی ناوچە. تەنگەژە و قەیرانەکانی رێکخراوەیی و چارەسەرنەکردنی کێشەکان ئەنجامێکیان نەبووە جگە لە قووڵتر بوونی قەیرانی ناسنامەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و لە هەمووانیش زیاتر قووڵبوونەوەی دژایەتی و لەبەرامبەر یەکراوەستانی خەباتکارانی رۆژهەڵات. جیابوونەوەکان و شێوازی هەڵسوکەوتی لایەنەکەن لە گەڵ یەک بوونەتە هۆی قەیرانی پروا و ناسنامە لە هەموو ئاستەکانی رێکخراوەیی و سیاسیدا و ئەمەش لە جێی خۆیدا بووتە هۆی خولقاندنی "تشنج" و سەرلێشێواوی کرداری لە کار و هاوکاریەکاند. لەو رووەوە دۆزینەوەی رێگای دیالۆگ و چارەسەری کێشەکان ئەرکێکی ئەخلاقی ئامادەکارانی کۆنگرەی شانزدەهەمی حدکا و چالاکڤانانی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستانە.

کێشە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و مرۆڤین کە لە نێو کۆمەڵێک لە مرۆڤ بە هەبوونی بەرژەوەندی هاوبەش و بەرژەوەندی دژبەیەک لە گەڵ لایەنێکی دیکە لە هەمان کۆمەڵگا پیک دێت. هیچ کۆمەڵگایەک بێ کێشە نیە. هەموو کێشەیەکیش لە جێی خۆیدا نەرێنی و خراپ نیە بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی دادپەروەرانە چارەسەر نەکرێت دەبێتە هۆی تەنگەژەی قووڵ و لەدەرەوەی کۆنترۆل کە ئاکامەکەی لە ناوچوونی ئەمنیەت و تەناهی سیاسی و تێکچوونی هاوکاری و وێکگەیشتنی کۆمەڵایەتیە. کێشەکانی ناو خۆی حیزب جاری وا ئەوەندە توند بووە کە بووتە هۆی لەدەست چوونی سەقامگیری تەشکیلاتی و سیاسی و پێوەندیەکانی مرۆڤی نێوان ئەندامان و بنەماڵەکانی حیزبی تێک چووە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە دێموکراسی و پێوەندیەکانی تەندروستی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگای حیزبی تێک بچێت و ژیانی حیزبایەتی بکەوێتە بەر شەپۆلی دەستەبەندی و باندبازیەک کە جگە لە بچووککردنی حیزب و لەناوبردنی تواناکانی خەباتی نەتەوایەتیمان شتێکی بەدواوە نەبووە. هۆی بەشێک لەو کێشانە لە دەرەوەی توانا و ئیرادەی خۆمان بووە وەک شەپۆلێکی جیهانی قەیرانی پروا و قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان بووە، بەڵام لانی زۆری کێشەکان بەرهەمی رکەبەرە

ناتەندوروستەکانی ناو حیزب و نەبوونی پەروەردەی پێویست بۆ چارەسەری کێشەکان و بەڕێوەبەری کێشەکان بووە.

دیالۆگ ناتوانێت هەموو کێشەکانی ناوخۆی حیزب چارەسەر بکات، بەڵام لە هەلومەرجی ئێستادا و بەلەبەرچاوگرتنی ئەزموونە تاڵەکانی رابردوو دیالۆگ دەتوانێت یەکێک لە رێگا چارەسەریە هەرە باشەکان بێت بۆ دۆزینەوەی وەڵامی هاوبەش لە پرسیارە هاوبەشەکاندا. ئەوەی گرنگە ئەوە بزانین گۆرانکاری لە قەوارە و سیستەمی تەشکیلاتی – سیاسی حیزبدا پێویستی بە پێکهێنانی هەلومەرجی گونجاو هەیە. پێوەندیە کۆمەڵایەتیە نا تەندوروستەکان پێویستیان بە پێداچوونەوە هەیە. کۆمەلگا حیزبیەکان دەبێ بتوانن ببنە نموونەی کۆمەڵگایەک کە لە دوارۆژدا دەمانهەوێ بەڕێوەی بەرین. ترساندن، خوڵقاندنی زێهنیەتی دژبەیەک و پەراوێزخستن، قووڵکردنەوەی کێشەکان لە روانگەی زێهنیەتی "تەنیا من حەقم" دەبێتە هۆی لەناوبردنی ئاشتی ناوخۆیی و سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بۆ حیزب و لایەنەکانی کێشەدار مسۆگەر ناکات. پەراوێزخستن و هەوڵدان بۆ کپ کردنی لایەنی بەرامبەر پارادایمی توندوتیژیەکی کۆمەڵایەتیە کە قوربانی سەرەکی حیزبی دیموکرات و خەڵکی کوردستانە.

دیالۆگ پێویستی بە لایەنی سێهەم و بێ لایەن هەیە کە بتوانێت هاوکاری لایەنەکانی کیشەدار بێت لە دۆزینەوەی وەڵامە هاوبەشەکان. ئەوەی لە حیزبی دێموکراتدا تا ئەمرۆ باو بووە دیالۆگ نەبووە، بەڵکوو جۆرێک لە موناقشە لە پێناو بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ یان سەپاندنی بۆچوون و رێگا چارەسەری خۆ بەسەر لایەنی بەرامبەر بووە. لەو پێناوەدا لایەنەکانی کێشەدار لە حیزبدا هەمیشە تەنیا بەشێکی لە حەقیقەتی لایەنی بەرامبەریان باس کردووە و ئەویش خراپترین سناریۆی لایەنی بەرامبەر. بەوە بەجیاتی دۆزرانەوەی خاڵی هاوبەش خاڵە دژبەیەکەکان زەقتر کراون و بوونەتە هۆی پێکهاتنی وزەیەکی نەرێنی لەناو حیزبدا بەشێوەیەک ئەرکی سەرەکی و ر ەساڵەتی بنەمایی ئەندامانی حیزب لە بیر بچێتەوە. لایەنی سێهەم پێویست ناکات لە دەرەوەی حیزب بێت، لە ناو حیزبی دێموکراتدا کەسانی زۆر هەن کە هەم شارەزایی پێویست و هەم دڵسۆزی پێویستیان هەیە بۆ هاوکاری کردن لە دۆزینەوەی مکانیزمە هاوبەشەکان.

**هەنگاوەکانی سەرەکی بۆ دیالۆگ**

پروا بە پێویستی گفتگۆ بۆ چارەسەری کێشەکان یەکەم هەنگاوە لە پرۆسەی ئاشتی و کەمکردنەوەی گرژیەکان. پشوودرێژی لە دۆزینەوەی نموونەکانی سەرکەوتوو لە مێژوو و لەناو گەلانی دیکەدا دەتوانێت یاریدەرمان بێت لە گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکانمان. کۆمەڵگای حیزبی پێویستی بە تەندوروستبوون، سەقامگیری تەشکیلاتی کە بتوانرێت بۆ داهاتوو بەرنامەرێژی بکات هەیە، ئەمەش ئەرکی هاوبەشی هەموومانە بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین بۆ پێکهێنانی گفتگۆیەکی چاکسازانە و چارەسەردۆزەر. بە جیاتی بوون بە بەشێک لە کێشەکان زەخت خستنی ئەندامان بە

سەر لایەنەکانی کێشەدار دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی کە لایەنەکان ناچار بن لە رێگای دیالۆگێکی تەندوروستەوە کێشەکان بەرەو چارەسەریەکی هاوبەش ببەن. زانستی بەرێوەبەری و چارەسەری کێشەکان زۆر شێوازی "کرداری" (تطبیقی) بۆ چارەسەری کێشەکان داهێناوە کە دەتوانرێت جێگای موناقشە و گفتگۆ پۆلیمیکەکان بگرێتەوە.

ئێمە دەبێ توانای ئەوە لەخۆماندا بخولقێنین بۆ ئەوەی لە دەست نەریتە دەست وپێگیرەکان رزگار بین و حیزب و کۆمەڵگای خۆمان بە پێی هەلومەرجی سەدەی رایەڵکە پێوەندیەکان بەرێوە ببەین. جیهانی ئەمرۆ جیهانی کۆمەلگا فرە رەهەندەکانە، لەو رووەوە نزیکبوونەوەمان بۆ کێشەکانیش دەبێ بەپێی پێویستیەکانی سەردەم و نەوەی نوێ بێت.

ئێمە بۆ گەیشتن بە ئاکامی هاوبەش پێویستمان بە شیکاریی تیۆریک و پێکهێنانی مۆدێلە جیاوازەکان هەیە تا لە رێگای گفتگۆیەکی ئارام و بێ توندوتیژی دەروونی و رۆحی و بە بەشداری کەسانی بێلایەن لە کشێەکاندا هەنگاوە سەرەتاییەکان بۆ گەیشتن بە رەوتی پرسیاری هاوبەش وەڵامی هاوبەش بگەین.

تێگەیشتنی دینامیزم و خەسارناسی ئەزموونی نیزیک بە چڵ ساڵ لە کێشەکانی قۆناغی دوای شۆرشی ساڵی 1979 تا ئەمرۆ بەو ئاکامەمان دەگەیەنێت کە لانی کەم تا ئەمرۆش لە گەڵ بێت هەموو کێشەکانی ناوخۆیی حیزب ئاکامەکەی توندوتیژی و لەناوبردنی وێکگەیشتنی کۆمەڵایەتی بووە. ئەمرۆ بەلەبەرچاوگرتنی ئەزموونە تاڵەکانی رابردوو پراگماتیزم و تەمەرکوز لە سەر بەرەوپێشبردنی کارەکان و گەڕان بە دوای چارەسەری هاوبەش لە رێگای دیالۆگێکی بەرامبەر و چارەسەر ساز دەتوانێت ئەو خەسارانە بگەیەنەتە لانی کەمی خۆی و ببێتە هۆی ئەوەی کە حیزب دوای کۆنگرەکان بەهێزتر و چالاکتر کۆمەڵگا بەرێوە ببات و ببێتە نموونەی کۆمەلگایەکی ئاشتی خواز و چارەسەرخواز.

**فۆرموولەکردنی پێویستییەکان و داخوازییەکان**


هەنگاوی دیکە بۆ چارەسەری و لەنابردنی کێشەکان باسکردنی روون و ئاشکرای پێویستیەکان، قەوارە و نیشاندانی پێویستیەکان و چینبەندی داخوازییەکان و ویستی کەسان و گرووپەکانی ناو بنەماڵەی حیزبییە.ئەو باسانە دەبێ مەجالی هاوبەش بەدوور لە زێهنیەتی پەراوێزخستن و لە روانگەی ئەوەوە بێت کە لایەنی بەرامبەریش بە ئاستی ئێمە دلسۆزە و بزانرێت کە "حەقیقەت" رەها بوونی نیە و هەموو راستیەکان لە لای هەموو لایەنەکان دەدۆزرێتەوە. هەنگاوی دیکەی دیالۆگ پێکهێنانی ئاشتیی ناو کۆمەڵگای حیزبییە. لایەنەکان دەبێ بەجیاتی هاندان و سازکردنی باندبازی و دەنگەدەر بیر لە دوای ئاکامی ئەوجۆرە هەنگاوانە بکەنەوە و کۆمەڵگا بەرەو ئاشتی  رێنوێنی بکەن. ئەوەی گرنگە بزانین ئەوە کە پێویستیەکان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی رێژەیین. خواستێک دەتوانێت لە لیستی داواکانی لایەنێک گەورەترین داخواز بێت و بۆ لایەنی دیکە پێویستیەکی

ناپێویست لەو پێوەندیەدا بۆ نموونە تیۆریەکانی ماسلۆڤ، گالتۆن و توێژەرەکانی دیکەی کاری ڕێکخراوەیی دەتوانن یاریدەرمان بن بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان.

## پێویستیی گۆڕانی قەوارەی حیزبی دێموکرات

کاتێک رێبەریی حیزب لە لایەن ئەندامانی حیزبەوە هەڵبژێردرێت، رێبەری نوێنەرایەتی راستەوخۆی ئەندامان هەڵدەبژێردرێت و بەکردەوە لە بەرامبەر تەواوی ئەندامانی حیزب بەرپرس دەبێت. رێبەری حیزب لە وەها شێوازێکدا هاوکات وەک ئەندامی ئەنجوومەنی بەرێوەبەری ئەرکەکانی خۆی بەجێ دەگەیەنێت و رێبەری سیاسی حیزب بە کۆمەڵ بەرێوە بىات. سیستەمی سیاسی جۆری قەوارەی حیزبەکان دیاری شرۆڤە دەکەن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەبات دەکات لە پێناو ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدرال دا. کەوابوو بەو پێیە قەوارەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش دەبێ پێرەوێک بێت لە ناسنامەی سیاسی ئەو حیزبە. لەو بەشەدا زۆر بەکورتی باسی کێشە و کەموکورتیەکانی قەوارەی ئێستای حیزبی دێموکرات دەکرێت و دوایە قەوارەی پێشنیاری بۆ حیزب پێشکەش دەکرێت:

1. قەوارەی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەسەربنەمای سانترالیزمی دێموکراتیک دامەزراوە. لە چەند کۆنگرەی رابردوودا "زاراوی سانترالیزم" لە پێرەوی ناوخۆی حیزب دا هەڵگیراوە و قەوارەی حیزبی بەو شێوەیە شی کراوەتەوە: "هەموو ئۆرگانێکی حیزبی لە خوارەوە بۆ سەرێ هەڵدەبژێردرێت. ئۆرگانەکانی حیزب بە رێکوپێکی راپۆرتی تێکۆشانی خۆیان هەم بەو ئەندامانەی کە هەلیان بژاردوون و هەم بۆ ئۆرگانەکانی سەرەوەتر دەدەنەوە." (ماددەی حەوتەمی پێرەوی ناوخۆی حیزب، پەسەندکراوی کۆنگرەی پانزدەهەم)
2. کۆنگرەی حیزب بە بەشداری ئەندامانی ئەسڵی، و جێگیر و راوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی، نوێنەرانی ئەندامانی دیکەی حیزب، پێک دێت. بەجۆرێک کە دوو لە سەر سێی ئەندامانی کۆنگرە لە ئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە بەشداری کۆنگرە ببن. کۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە ئەو پەڕەکەی بە ئەندازەی یەک لە سەر سێی ژمارەی ئەسڵی ئەندامانی خۆی لە ئەندامانی حیزب بە مافی دەنگدانەوە لە کۆنگرەدا بەشداری بکات (ماددەی هەشتەم)




**سانترالیزمی دێموکراتیک واتە کۆبوونەوەی هەموو دەسەڵات لە یەک جێگا**

بەرلەوەی کە باسی کەموکۆڕیەکانی دوو خاڵی سەرەوە بکرێت، پێویستە بە شێوەیەکی گشتی کەمۆکۆڕیەکانی قەوارەی ئیستای حیزب لە ڕوانگەی هەلومەرجی ئەمرۆوە لێک بدرێتەوە:

1. قەوارەی حیزب لە سەردەمێکدا دارێژراوە کە دروشمی ستراتێژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران: "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" بوو. لەو سەردەمەدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پەیڕەویی لە سیستەمێکی "ناوەندگەرا" (تمرکزگرا)یەک دەکرد کە خودموختاری بۆ کوردستان لە چوارچێوەی سیستەمی دێموکراتیکدا قەبووڵ بکات. پێناسەی ئەوجۆرە سیستەمە کە بۆ ئەو سەردەمە ئامانجێکی پێشکەوتوون خوازانە بوو، دابەشکردنی بەشێک لە دەسەڵات لە کوردستان بوو بە بێ ئەوەی کە لە دستوور (یاسای بنەڕەتی) وڵاتدا خودموختاری کوردستان بگونجێندرێت. لە وەها سیستەمێکدا سروشتیە کە قەوارەی حیزب پەیڕەوی لە ناسنامەی سیاسی دەکات و هەرکام لە ئۆرگانەکانی حیزبیش بەو پێیە بەشێوەی خودموختاری زۆر سنووردار – ئەرکەکانی خۆیان بە پێی پێرەوی ناوخۆ جێبەجێ دەکەن.
2. قەوارەی حیزب بەرهەمی هەلومەرجی سیاسی جیهانی دو "بعدی" و کۆمەڵگای تاک ڕەهەندی و ئایدیۆلۆژی ڕێکخراوەیی لە سەر بنەمای ستالینیزم بوو. پێرەوی ناوخۆیی حیزب، کۆپیەک لە حیزبی توودە و حیزبە کمۆنیستەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات بوو.
3. ئەو قەوارەیە لەو ڕۆژەوە کە پرسی سۆسیالیزمی دیموکراتیک و فیدرالیزم کەوتۆتە ڕۆژەڤی سیاسی کوردستان و حیزبی دێموکرات قەیران خوڵقێن بووە کە ئەنجامەکەی "لێکداپران"، "در جا" لێدان، نەبوونی ئاڵوگۆڕی مێشکی (گردش مغز) و تواناکان لە ئاستی ریبەری حیزب دا


بووە. ڕێبەرانی سەرەکی حیزب نزیک بە چواردەیە هەمیشە لە بازنەی سەرەکی پریاردانی حیزبیدان و ئەنجامەکەی دووپاتکردنەوەی ئەزموونێکە کە سەرکەوتنێکی بۆ حیزب وەدی نەهێناوە.

4. حیزبی دێموکرات حیزبێکی ئایدیۆلۆژی نیە کە بتوانێ وەک حیزبەکانی چەپ تولیدی فکری و ئایدیۆلۆژی بکات و لەو ڕێگایەدا گەشە بە بەرەوپێش چوونی سیاسی و تەشکیلاتی بدات.
5. بە پێی ماددەی حەوتەمی پێرەوی ناوخۆی ئێستای حیزب: لە قەوارەی ئێستادا کۆمیتەی ناوەندی بە کردەوە لە بەرامبەر هیچ ئۆرگانێکدا وەڵامدەرەوە نیە، کەس ناتوانێ چاوەدێری لە سەر کار و باری بکات و لێپرسینەوە بۆ بکات، چونکە بۆ نموونە ڕاپۆرتی چالاکی  کۆمیتەی ناوەندی بە کۆنگرە نادرێت، ڕاپۆرتەکان تەنیا ڕاپۆرتی سیاسیە. کۆمیتەی ناوەندی بە پێی قەوارەی ئێستا: پریاردەر (ڕێبەر)، جێبەجێ کار (بەڕێوەبەر) و چاوەدێر و بەرپرسی دیسیپلینی حیزبیە واتە سێ دەسەڵاتی: پریاری سیاسی و یاسایی، جێبەجێ کردن و چاوەدێری لە یەک ناوەند کۆبووتەوە.
6. قەوارەی ئێستا لە گەڵ دروشمی ستراتێژیکی حیزب نارێکە و ئەم نارێکیەش دەبێتە هۆی تەنگەژەی ناسنامەی سیاسی و تەشکیلاتی.
7. ناوچەگەرایی یەکێک لە کێشە و بەربەستەکانی بەرەوپێش چوونی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێشڤەچوونی ڕێکخراوەیی و بەشداری هاوبەشی خەڵکی کوردستان لە ڕێکخراوەکانی حیزبی دایە. قەوارەی ئێستا ناوچەگەرایی زیادتر دەکات و ئەمەش دەبێتە هۆی ڕکەبەریەکی نەرێنی لەنێوان ناوچەکان بۆ بەدەستەوەگرتن و "کۆکردنەوەی دەسەڵات" – تمرکز گرایی – لە ناوچەکاندا.  ناوچەگەرایی ویستێکی سروشتی خەڵک و دیاردەیەکە کە کەس ناتوانێت لە ناو ببات. بەڵام دەکرێ ناوچەگەرایی بکرێتە پۆتانسیەلی بەرەوپێش چوون و بەشداری چالاکانە. مەرجی ئەمەش گۆرانی قەوارەی تەمەرکوزگەرا و تاک ڕەهەندی بە قەوارەیەکی تەشکیلاتی کە لەودا ڕێبەری بە شێوەی ناوچەیی نوێنەرایەتی بکرێت.
8. لە سیستەمی ئەمرۆی حیزبدا بەرپرسایەتی سیاسی و پۆستی ئیداری بەشێوەیەک لێک ئالاون، کە جیاکردنەوەی ئەو دوانە مرۆڤ تووشی کێشە دەکات.

## چ جۆر قەوارەیەک گونجاوی حیزبی دێموکراتە؟

لە بیست ساڵی رابردوودا سەرنج بە سەرمایەکانی مرۆڤی و شارەزایی و پسپۆری کەسان وەک یەکێک لە هۆیەکانی کلیدی پێشکەوتنی رێکخراوەیی و ئابووری گرینگیەکی زۆری پێ دراوە.

سازبوونی سەرمایەی مرۆڤی پێویستی بە چاککردنەوە و سەرمایەگوزاری لە سەر مرۆڤ لە رێگەی پەروەردەیەوە. بۆیە گەشەکردنی رێکخراوەیی لە حیزبێکی نەتەوایەتیدا لە رێگای پەروەردەی بەرزی هێزەکانی مرۆڤی و کارامە زەمینەی پێشکەوتن و بەرەوپێش چوونی سیاسی، رێکخراوەیی و کۆمەڵایەتی بۆ حیزب خۆش بکات. پەروەردە و گەشەکردنی ریکخراوەیی لە بیست ساڵی رابردوودا لە گەڵ لێگەر و بەربەستێکی وەک قەوارەی حیزبی بەرەوروو بووە. لە بەشی پێشوودا کەموکۆریەکانی قەوارە (ساختار)ی هەنۆکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باس کرا. لە بیست ساڵی رابردوودا گۆرانکاری قووڵ بەسەر قەوارەی کۆمەڵایەتی و ئاستی داخوازی کۆمەڵایەتی بۆ کار و چالاکی پۆست شۆرشی 1979 و جیهانی دوای رووخانی بلۆکی کمۆنیستی دا هاتووە کە قەوارەی حیزبی بە پێی ئەوگۆرانی کۆمەڵگا گۆرانکاری پێویستی بەخۆیدا نەهێناوە.




دێموکراسی تەنیا بریتی بەدەستهێنانی دەسەڵات لە رێگای دەنگدانەوە نیە. دێموکراسی راستەقینە سەرنج دەداتە پێویستیەکانی دەرەوەی کۆمەڵگای حیزبی و بە کۆمەڵی ناو خۆی حیزب. دێموکراسی شێوازێک لە بریاری گشتیە، کە هەرکەس بە هەرکەس بە شێوەی یەکسان دەبێ بتوانێت لە پرۆسەی بریارداندا بەشداری بکات. لە رەوەندی گەشەسەندنی حیزبی و خەباتی رزگاری خوازانەدا ئەگەر بوونی "لایەنی دیکە" لە بەرچاو نەگیرێت، هەلومەرجی دێموکراتیک هەڵدەوەشێتەوە. لە رابردوودا ئەو بنەمایە لەبەرچاو نەگیراوە و ئەمەش ئاکامێکی نەبووە جگە لە لێکترازان، پەراوێزخران و

خۆپەراوێزخستن و پاسیڤ بوونی بەشێکی زۆر لە بەدەنەی حیزب. راوێژی دێموکراتیک رەهەندێکی ناوخۆیی و بە پێی وتەی ئەرەستوو لە سەر بنەمای لێکگەیشتن و پشوودرێژیە.

چ جۆر قەوارەیەک دەتوانێت وەڵامدەر بێت؟

حیزبی دێموکرات پێویستی بە قەوارەیەکی رێکخراوەیی هەیە کە بتوانێت تایبەتمەندیەکانی خوارەوەی هەبێت:

1. دێموکراتیک بێت و هەموو بازنەکانی تەشکیلاتی حیزب بەشێوەیەکی یەکسان بەشداری کرابن
2. رێبەری سیاسی (رهبری سیاسی) و بەرێوەبەرایەتی و جێبەجێ کردن (مدیریت و اجرا) و چاوەدرێری لەیەکتر جیابکرێنەوە
3. لانی کەمی بەشداری ژنان، لاوان و رێکخراوە مەدەنیەکان تێدا دیاری کرابێت و تەرکیبی رێبەری وەڵامدەری هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان بێ
4. دیاسپۆرا وەک بەشێکی تەواوکەری خەباتی ناوخۆ ببینێت و خاوەنی ستراتێژی بۆ دیاسپۆرا و کۆمەڵگای کوردی لە دەرەوەی وڵات بێت

9. ناوچەگەرایی دیاردەیەکی درێژخایەنە و لەناوبردنی بۆ حیزبێکی لە حاڵی خەباتدا بە کردەوە نەبوو و نامومکینە، بەڵام دەکرێ بە گۆرینی بە گۆرینی بەشداری رێژەیی ناوچەکان (حوزەهای تشکیلاتی) لە پرۆسەی بریاردان و ریبەریدا ناوچەگەرایی بە شێوەی ئەرێنی بەکار ببەین.
10. نوێنەرایەتی کردن لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەشێوەی زنجیری پێکەوە گرێدراو بێت: واتا ئۆرگانەکانی سەرەوە لە  نوێنەرانی ئۆرگانی خوارەوە پێک هاتبێت.

لەو رووەوە قەوارەی رێکخراوێکی هیبرید (Hybrid) بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێشنیار دەکرێت:

لە رێکخراوی هیبریدی و فرەرەهەندیدا قەوارەی رێکخراوەکان بە پێی هەلومەرج وشوێنی رێکخراوەکان رێک دەخرێت و رێکخراو قاڵبێکی بەستراو و نەگۆر نیە کە نەتوانێت لە گەڵ هەلومەرج خۆی بگونجێنێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خاوەنی تەشکیلاتێکە کە لە باکووری رۆژهەڵاتی کوردستانەوە تا باشووری کوردستان خاوەنی ئەندام و رێکخراوی خۆیە. لە ساڵانی پێشوودا ناوەندگەرایی یەکێک لە کێشەکانی سەرەکی بەرێوەبەری حیزبی دیموکرات بووە. ئەمرۆ ئەو دیاردە دزێوە بووتە "جنووب گەرایی" و دوور نیە لە دوارۆژدا "شمال گەرایی" جێگەی ئەو دیاردەیە بگرێتەوە. هەرکام لەو گۆرانکاریانەش بە نرخی دابەشبوون و لێکترازانی حیزب تەواو بووە.

تا ئێستا ڕێبەری حیزب خاوەنی دەسەڵاتی بڕیاردانی سیاسی، جێبەجێکردن و چاوەدێری بەسەر بڕیارەکانی خۆی بووە. ئەمەش وای کردووە کە حیزب نەتوانێت بە شێوەیەکی بێلایەنانە و لە ڕوانگەیەکی دێموکراتیک و بەرەوپێش چوونی ڕێکخراوەییەوە ڕەخنە لە کارەکانی خۆی بگرێت و پێداچوونەوە بە بڕیارەکانی خۆی بکاتەوە. پلەی سیاسی لە حیزبی دێموکراتدا بە "پۆست" وەرگێردراوە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە جێگای نرخ و بەهاکان ئاڵوگۆری بەسەردا بێت. ڕێبەری سیاسی شوێنێکە کە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئەندامان بڕیاری سیاسی دەدەن و جێبەجێ کردنیان دەبێ بە ئەستۆی کەسانی پسپۆر و شارەزا و کارامە بسپێردرێت. لەو ڕوانگەیەوە بۆ نموونە مەرجی ئەوەی کە کەسێک ببێتە کادری سەختتر لە مەرجی بوون بە ئەندامی ڕێبەریە. چونکە کادر "پۆست"ێکی ئیداری – تەشکیلاتیە کە پێویستی بە کارناسی و پسپۆری هەیە و ئەندامەتی لە ڕێبەری پلەیەکی سیاسی و یاسادانەرە کە لە ڕێگای دەنگی ئەندامانەوە هەڵدەبژێردرێت. لەو ڕووەوە بوونی ئەنجوومەنی ڕێبەری کە ڕاستەوخۆ لە لایەن بازنەکانی تەشکیلاتی و ناوچەییەوە بۆ کۆنگرە پێشنیار کرابن و ئەرکی ئەو ڕێبەری سیاسی وبڕیاری سیاسی بێت، پێویستیەکی ئەمڕۆیی حیزبی دێموکراتە. بەوە لە لایەک لە کێشەی ناوچەگەرایی بە شێوەی نەرێنیەکەی ڕزگار دەبێت و لەلایەکی دیکەوە بڕیاردەران نزیک بە بەدەنە و هەڵقووڵای ویستی هەموو ئەندامانی حیزبی یە. حیزبێکی پێشکەوتوو و خاوەن بڕیار پێویستی بە دەسەڵاتی جێبەجێکار (اجرایی) یان بەڕێوەبەری هەیە. دەسەڵاتێکی وا بۆ ئەوەی بتوانێت بڕیارەکانی سیاسی ڕێبەری سیاسی جێبەجێ بکات و نوێنەرایەتی ئیرادەی ئەندامانی حیزب بکات، پێویستە ڕاستەخۆ لە لایەن نوێنەرانی ئەندامان واتە کۆنگرەوە هەڵبژێردرێت. ئەوەی مەمرۆ بە ناوی دەفتەسی سیاسیەوە لە ناو حیزبی دێموکراتدا هەیە، بە جیاتی بوون بە بەڕێوەبەری سیاسی ڕۆلی ڕێبەری سیاسی دەگێڕێت و کۆمیتەی ناوەندی کە دەبێ ڕێبەری سیاسی بکات، ئەندامانی بەهۆی کاری ئیجراییەوە بوونەتە هێزی جێبەجێکاری بڕیارەکانی دەفتەری سیاسی. ئەو جۆرە جێگۆرکێیە ئەنجامێکی چاکی بۆ حیزب نەبووە و ئاکامەکەی لەجێدا لێدانی سیاسی و ڕێکخراوەیی بۆ حیزب بووە. ڕێبەر یان سکرتێری گشتی حیزب نوێنەری یەکیەتی تەشکیلاتی و سیاسی حیزبە. نوێنەری یەکیەتی تەشکیلاتی و سیاسی حیزب کاتێک دەتوانیت خاوەنی ئەو پلەیە بێت کە ڕاستەخۆ لە لایەن نوێنەرانی ئەندامانەوە واتە لە کۆنگرەوە وەک بەشێک لە دەستەی جێبەجێکار هەڵبژێردرابێت و لەبەرامبەر ڕێبەری سیاسیەوە کە هەڵبژێردراوی ئەندامانن بەرپرس بێت.

نەبوونی چاوەدێری ئەندامان لە سەر کار و چالاکی هەلبژێردراوەکانی خۆیان، بووتە هۆی کەڵەکەبوونی کێشە چارەسەرنەکراوەکان و پێدانەچوونەوە بە کەموکۆڕیەکان. لەو ڕووەوە بوونی هێزی چاوەدێر یان چاوەدێری جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرە کە ڕاستەوخۆ لە لایەن نوێنەرانی ئەنداماندا هەلبژێدرابێت، گەندەڵی ئیداری، تەشکیلاتی و کێشەکانی ئەمڕۆی حیزب کە هەموو بڕیارەکان و جێبەجێکردن و چاوەدێری لە یەک جێگا کۆبوونەتەوە تا ئاستێکی زۆر چارەسەر دەکەن.

بە دەیان هەزار لە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵاتن. دیاسپۆرا هەلومەرجی بەتەواوی جیاواز لە گەڵ کوردستان هەیە و پێویستە رێکخراوەکانی حیزبی لە دەرەوەی وڵات لە چوارچێوە و رێکخراوێکی جیاواز کە بتوانێت کەڵک لە هێزی دیاسپۆرا لە دەرەوەی وڵات وەرگرێت و یاریدەری بەرەوپێش بردنی خەباتی نەتەوایەتی و تەواوکەری خەباتی ناوخۆیی بێت سازماندەیی بکرێت و جۆری بەشداری ئەو لە رێبەری و قەوارەکەی بەو پێیە دابرێژرێتەوە. لەو بارەدا جێی خۆیەتی دیالۆگێکی ناوخۆیی بۆ چۆنیەتی سازماندانی دیاسپۆرا پێک بهێندرێت کە بتوانێت وەڵامی پرسیارەکانی پێوەندیدار بداتەوە.

## ناوچەگەرایی شێرپەنجەی خەباتی نەتەوایەتی

جوڵانەوەی کوردستان بە درێژایی مێژوو سەدان تەنگەژە و کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی تێپەر کردووە. لە سەرهەڵدانی خانی لەپزێرینەوە تا ئەمرۆ خێڵگەرایی، عەشیرە گەرایی، ناوچەگەری و خزم خزمێنە یەکێک لە هۆکارە هەرەسەرەکیەکانی لێکترازان، داپران و لادان لە رێبازی نەتەوایەتی و بایەخە هاوبەشەکانەوە بووە.

ناوچەگەرایی لە جێی خۆیدا دیاردە و هەستێکی سروشتیە، چونکە مرۆڤ بە پێی سروشت حەزی لە شوێنی لەدایکبوون و ناوچەی ژیانی خۆیەتی و پێی خۆشە ناوچەکەی ببێتە سەنتەری دەسەڵات و بریارە گشتیەکان. لە پێوەندی لە گەڵ کوردا ناوچەگەرایی کە تێکەڵ بە مێژینەی دژایەتی خێل و عەشیرە کوردەکانیش بووە بەرلەوەی کە قازانجیان هەبێت زیانیان بۆ کورد و تەنانەت ناوچەگەرەکانیش هەبووە.

ناوچەگەرایی لە ناو حیزبی دیموکراتدا چۆن خۆی دەنوێنێت؟ لە ئەنجامی ناوچەگەراییدا، هەوڵی کادر و ئەندامانی حیزب ئەوە، کە ئەگەر هەموو دەسەڵاتیش نەبێت، زۆربەی هەرە زۆری دەسەڵاتی بریاردان و بەرێوەبردن لە دەستی خەڵکی ناوچەیەکی تایبەتی بێت. بۆ ماوەی دەیان ساڵ حیزبی دێموکرات بە هۆی زاڵبوونی ناوەندگەرایی و قەتیس بوونی ریبەری بەدەست خەڵکی ناوەندی کوردستان نەیتوانی بە شێوەیەکی جیددی هێز و تواناییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بەو شیوەیەی کە پێویستە بەرەو لای خۆی راکێشێت و نفووزی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب لە ئاستێکی سنووورداردا چالاک بوو. لە ساڵانی رابردوودا سەنتەری هێزی ناوچەگەرا بووەتە "جنووب گەرایی" و ئەمەش لە جێدا و لە درێژەی ئاسەواری ناوەندگەرایی بۆتە هۆی پێکهاتنی کۆمپلێکس و دژبەری زۆری هێز لە ناو ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا. دوور نیە بەو قەوارەیەی ئێستای حیزبی دێموکرات ماوەیەکی دیکە سەنتەری دەسەڵات بەدەست "شمال"یەکان بێت و ئەوجار خەڵکانی دیکە پەراوێز بخرێن. ئاکامی گەرانی بازنەی ناوچەگەرایی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەی دیکە ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات سەرەرای رابردووی زیاتر لە ٧١ ساڵ زۆرتر وەک حیزبێکی لۆکال و ناوچە بمێنێت تا وەک هێزێکی نەتەوایەتی شوێندانەر کە نەتەنیا لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو لە ناو هەموو خەڵکی کورد لە ئێراندا. ناوچەگەرایی یەکێک لە هۆیە سەرەکیەکانی پێشنەکەوتنی قووڵایی ستراتێژی حیزبی دێموکراتە. ئەو شێوازە لە ناوچەگەرایی بووتە هۆی ئەوەی کە چەکێکی چاک بە دەست کۆماری ئیسلامی بدرێت کە بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی ناوچەگەرایی بتوانێت هەستی بێ متمانەیی و دژبەیەک لە ناو ریزەکانی حیزب دا گەشە پێبدات و قەیرانی پروا لە ناو ریزەکانی شۆرشدا قووڵتر بکات.

پرسی ناوچەگەرایی و کێشەی نێوان ناوچەکان پرسێکی کۆمەڵایەتی و پێوەندی بە رەوتی گەشە سەندنی کۆمەڵگا و جوڵانەوە هەیە. ئەوەی کە دەتوانێت دیاردەکان بەرەو لای ئەرێنی بگەرێنێتەوە و ریبەری بکات، جۆری بیرکردنەوە نزیک بوونەوەی ئێمە بە پرسەکانە. لە هەلومەرجێکدا کە یەکگرتوویی

گرینگترین پێویستی خەباتی نەتەوایەتی و ریزەکانی حیزبی دێموکراتە، پرسی ناوچەگەرایی ناتوانێت تەنیا بە مەحکووم کردن و شەرمەزارکردن لەناو بچێت، چونکە سەرەرای هەموو ئیدعاکان سروشتی ناوچەگەرایی بەشێک لە تایبەتمەندی مرۆڤە کە جێگای رێزە.

کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی فرەچەشن، فرەناوچە و لە رووی بەربڵاوی جوغرافیەوە لە بەراورد لە گەڵ پانایەکەی دوور و درێژە. لە نەبوونی پێوەندی تەندوروستی ناوچەیی و نەبوونی تێکەڵاوی سیستەماتیکی ئابووری و کولتووری و پەروەردەیی جیاوازی نێوان ناوچەکان زۆر بەروونی لە هەڵسوکەوتی دانیشتوانی ناوچەکانەوە دەبیندرێت.

لەوەها رەوشێکدا بە جیاتی سەرکوتی ناوچەگەرایی بە پروای نووسەری ئەو دێرانە، بەکارهێنانی تواناکان و شارەزاییەکانی ناوچەکان دەتوانێت بەرژەوەندی زۆرتری بۆ جوڵانەوەی رزگاری خوازانەی نەتەوەی ئێمە هەبێت. دانپێنان بە جیاوازیەکان و پێویستی بەشداری جیاوازیەکانی ناوچەیی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە پرۆسەی پریاردانی سیاسی حیزب دا دەتوانێت رێگایەکی کاریگەر بێت لە گۆرانی حیزبی دیموکرات لە رێکخراوێکی لۆکاڵەوە بە حیزبێکی سەرانسەری و نەتەوەیی کە نە تەنیا خاوەنی گوتاری نەتەوایەتیە بەڵکوو بە کردەوە خاوەنی گەشەکردنێکی رێکخراوەیی و هێزی مرۆڤی لە ئاستی سەرانسەری کوردستان بێت.

هەروەک لە بەشی پێشوودا ئاماژە پێکرا، قەوارەی ئەمرۆی حیزبی دێموکرات قەوارەیەکە کە خوڵقێنەرو هاندەری دیاردەی دزێوی ناوچەگەراییە. بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە پێویستە رێگا چارەیەکی دادپەروەرانە و گشتگر بۆ خوڵقاندنی هەلی بەشداری هەموو ناوچەکان بە شێوەی یەکسان و چالاک بخوڵقێندرێت.

لە روانگەی بەکار بردنی هێز، سازماندان، رێبەری و بەرێوەبەریەوە دیاری کردنی "سەهمیە"ی ناوچەیی بۆ هەرکام لە بازنە و ناوچەکانی تەشکیلاتی دەتوانێت هەنگاویکی کارایێت بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیەی کە ئەمرۆ بووتە هۆی زەمینگیر بوونی گەشەکردنی رێکخراوەیی و سیاسی حیزب. بۆ نموونە: وا دابنێین هەرکام لە شارەکانی کوردستان بە گوندەکانی دەوروبەرەوە بازنەیەکی تەشکیلاتین، هەرکام لەو بازنانە یەک تا دووکەس (بە پێی ژمارەی ئەندامانی رێبەری) وەک ئەندام و یەک یان دووکەسیش وەک جێگری ئەندامی دەستەی بەرێوەبەری لە ناوچەی خۆیەوە بۆ کۆنگرە پێشنیار دەکات. لە وەها کاتێکدا ئەرکی کۆنگرە پەسەندکردنی پێشنیاری کۆنفرانسی بازنەکانی تەشکیلاتی بۆ ئەندامانی ریبەری دەبێت. بەوە لەلایەک رێبەران یان پریاردەرانی سیاسی راستەخۆ لە لایەن بازنەکان واتە ئەندامانەوە هەڵبژێردراون و لەلایەکی دیکەوە بە هۆی رێژەیی بوون و سەهمیەیی بوونی رادەی ئەندامان رکەبەری ناوچەگەرایی جێی گای خۆی دەداتە رکەبەری هەڵبژاردنی باشترینەکانی ناوچەکە بۆ ئەندامەتی لە رێبەری حیزب. بەوە لەلایەک هەموو ناوچەکان لە رێبەری و پرۆسەی بریاری سیاسی حیزب دا بەشدارن و لەلایەکی دیکەوە پێشی کۆکبوونەوەی

دەسەڵات بۆ ناوچەیەک و پەراوێز خرانی ناوچەکانی دیکە دەگیرێت. بەوەش هەستی هاوبەش و بەشداری کردن و هەروەها پێویستی گەشەکردن و قووڵتر کردنی ستراتێژی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب رۆژەڤتر دەبێت و رکەبەری ناوچەگەرایی جێی خۆی دەداتە گەشەی ناوچەیی. لە لایەکی دیکەوە بەکردەوە فیدرالیزمی ئیداری لە ناو حیزبدا جێبەجێ دەکرێت کە بە رێبەریەکی سیاسی پێشکەوتوو یەکگرتوو خواز دەتوانێت بەرهەمی چاکتر و کاراتری هەبێت بۆ حیزب و خەباتی نەتەوایەتیمان.

## بەشداری نەدانی ژنان لە ڕێبەرایەتی حیزبدا، لە دەستدانی زیاتر لە نیوەی تواناییەکانی کۆمەڵەیەتیمانە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەرەتای دامەزراندینەوە سەرنجی بەرنامەیی خۆی داوەتە پرسی ژنان و بەشداری و مافی یەکسانی ئەوان لە گەڵ پیاوان لە کاروباری کۆمەڵایەتی و بنەماڵەییدا. کەمتر لە دوومانگ دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە پشتیوانی و یارمەتی پێشەوا قازی محەمەد یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان دامەزرا. بەوە کۆماری کوردستان و پێشەواقازی محەمەدی ڕێبەری حیزبی دیموکرات لە سەر پێویستی بەشداری ژنان لە خەبات و چالاکیەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری پێداگری کرد و پەیامی ئەوەی بە ئێمە دا کە بەبێ بەشداری چالاکانەی ژنان لە پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکاندا کۆمەڵگا ناتوانێت ڕووی ئاشتی، گەشەکردن و بەختەوەری بەخۆیەوە ببینێ. پرسی ژن بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەو ڕوانگەیەوە پرسێکی پرەنسیپی و بنەماییە کە بەداخەوە بەهۆی هەلومەرجی داسەپاو بەسەر شۆرشەکەمان نەتوانراوە بەو جۆرەی کە پێویستە بەرەو پێش بروات.

لە مەیدانی کردەوەدا ئەو دروشمە تەنیا خەملێنەری جەژنەکان و قسەکانی بۆنەکانی سیاسی و کولتووریەکانمان بووە و هەنگاوێکی ئەوتۆ بۆ زەمینەسازی و جێبەجێ کردنی دروشمی یەکسانی کۆمەڵایەتی لە ناو ڕیزەکانی حیزبدا هەلنەگیراوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و زۆربەی هەرە زۆری حیزبەکانی جیهانی حیزبێکە کە بە دەستی "پیاوان" دامەزراوە، جۆری تێگەیشتنی سیاسی، بیروباوەر و سەلیقەی پیاوانە داڕێژەری سیاسەت و پلانەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی حیزب بووە و لەو ڕوانگەیەوە کێشەی ژنانی لەبەرچاو گیراوە. هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی جڤاکی کوردستان بۆتە هۆی ئەوە کە ژنان نەتوانن بە ئازادی و بەو شێوەیەی کە بۆ پیاو دەلوێ بەشداری لە چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بکەن. تا چەندین ساڵ لەمەبەر ژنی کورد تەنیا وەک دایکی پێشمەرگە، دایکی منالی پێشمەرگە و پشتیوانی شۆرش دەبینرا و بەو شێوەیە سەرەرای ڕێزگرتن لە فیداکاری ژنان، ئەوان لە ڕاستیدا شارۆڤەندی پلەدوو لە شۆرشدا بوون و بەشداری کردنیان لە خەباتی چەکدارانەدا لە گەڵ زۆر بەربەستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی بەرەووو دەبوو. ئەو ژنانەی کە توانیان ببنە پێشمەرگە بە ئەرکی "کاری ژنانە" وەک پەرەستاری و کار لە نەخۆشخانە و خزمەتە کۆمەڵایەتیەکان و ئەو کارانەی کە پێویستی بە کەڵک وەرگرتن لە هێز و لەئاکامدا پێشکەوتنی شان بەشانی پیاو نەبوو، ئەرکدار کران.

ویستی فیزیکی خەباتی چەکداری، چاوەڕوانی "پیاوانە" لە ژنان هەبوو، ژنان لە ناو ڕیزی شۆرشدا ئەمرۆشێ لە گەڵ بێ، کاتێک دەتوانن بە کردەوە پلەکانی بەرپرسایەتی بپێون کە سروشتیان

"پیاوانە" بێت و لە ژن بوونی خۆیان دوور کەونەوە. لەکاتێکدا راست تایبەتمەندی ژن بوونی ژنانە کە ناوەرۆکی بەشداریان لە بەرپرسایەتی و رێبەری حیزبدا دەوڵەمەند دەکات نەک بە پێچەوانەی.

لە ماوەی دوو سێ کۆنگرەی رابردوودا زۆرجار باسی بەشداری ژنان لە رێبەرایەتی حیزبدا کراوە، پرسی "سهمیەی ژنان" - هەرچەند لە پەراوێزدا - خراوە بەرباس بەڵام مەسەلەی بەشداری ژنان لەرێبەری و بەرێوەبەری حیزبدا بە هۆی "هەل و مەرجی تایبەتی" ناوخۆیی حیزبەوە لە بیر کراوە و تەنیا لە قاڵبی دروشمی ئێمە پیاوان ماوەتەوە. بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسی بەشداری ژنان و لاوان لە رێبەری حیزبدا تەنیا پرسی "خەملاندنی جنسی موخالف " نیە بەڵکوو پرسێکی "پرەنسیبی" و ئەخلاقیە. مەسەلەی بەشداری ژنان پێوەندی بە فەلسەفەی بوونی ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دروشم و ناوەرۆکی ئامانجە سیاسیەکانمانەوە هەیە بۆیە هەوڵدان بۆ بەشداری ژنان لە ئاستی رێبەریدا تەنیا گرفتی ژنان نیە بەڵکوو گرفتی تەواویەتی حیزب و پیاوانی ناو حیزبە، کە زۆربەی رەهای رێبەری و بەرێوەبەری حیزبیان بەدەستەوەیە.

مەبەست لە یەکسانی کۆمەڵایەتی، پێکهێنانی هەل و مەرجێکە کە لەودا ژن و پیاو بە وەک یەک **<u>شانسی بەشداریان</u>** لە **<u>پرۆسەکانی دارشتن و بریاردانی کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسیان هەبێ</u>**. بۆ ئەوەی کە لانی کەمی زەمینەی شانسی وەک یەک پێک بێ، دەبێ مکانیزمێکی گونجاو بۆ بەشداری ژنان لەو پێوەندیەدا لە بەرنامە و پێرەوی ناوخۆیی حیزبدا هەبێ. بوونی مکانیزمێکی نووسراو لە پێرەوی ناوخۆی حیزبدا لەو رووەوە گرینگە، کە ئەندامان و رێکخراوەکانی حیزبی بەدەر لە چۆنیەتی بیرکردنەوەیان لە سەر پرسی ژن ناچار بە جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامەیە دەبن و بەوە لە لایەک "زێهنیەتە کۆنەکان" لە ناو حیزبدا بەرەو لە ناوچوون دەچن و لەلایەکی دیکەوە بۆ ژنان لانی کەمی مەیدانی بەشداری یەکسانانە لە گەڵ پیاوان دەخوڵقێ. لەو پێوەندیەدا زۆر گرینگە کە ژنان بەتایبەت لە پرۆسەکانی ئامادەکردنی بریارە سیاسیەکاندا بەشدار بکرێن نەک تەنیا لە ئاستەکانی خوارەوە جێبەجێ کەری بریار بن. بەشداری نەدانی یەکسانی ژنان لە کاروباری سیاسی و پرۆسەکانی بریارداندا لە رادەی بەشداری و ئەنگیزەی چالاکی ژناندا دەبینرێ، کاتێک ژن خۆی بە "مرۆڤی پلەدوو " لە ناو حیزبێکدا دەبینێ، کە دروشمی "یەکسانی کۆمەڵایەتی" دەدات بەڵام بە کردەوە ئەوان پەراوێز دەکرێن، سروشتیە کە ئەوان ئەنگیزەیەکی ئەوتۆ بۆ بەشداری لە کارو چالاکیەکاندا نابێ و کەمتر هەوڵ دەدەن لە توانایی و لێوەشاوەییان کەڵک وەرگرن.

### پرسی دێموکراتیک بوونی بەشداری ژنان لە رێبەریدا

کە باس لە "سەهمیەی ژنان" یان "هەڵاواردنی ئەرێنی" لە رێبەری حیزبدا دەکرێ، زۆرکەس ئەو هزرە بە "دێموکراتیک" نازانن و ئەو کارە بە "امتیازدانی نادێموکراتیك' بە ژنان دەژمێرین. ئەو جۆرە

شی کردنەوەیە یان بیانوویانە لە راستیدا پارادۆکسالێکی گرنگ و هاوکات نەخوێندنەوەیەکی دێموکراتیکی پرسی بەشداری ژنان لە پرۆسەکانی بریاردانە. بە پێیّ پێرەوی ناوخۆی حیزب ئەندامان و جێگران و موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندی دەتوانن راستەوخۆ و بە مافی دەنگەوە بەشداری کۆنگرەی حیزب بن. جیا لەوە کۆمیتەی ناوەندی دەتوانیّ تا یەک لە سێی ژمارەی ئەندامانی خۆی نوێنەر راستەوخۆ و بە مافی دەنگدانەوە بۆ کۆنگرە بانگ بکات. پرسی سەرەکی لە پێوەندی لە گەڵ پارادۆکسالی "سەهمیەی ژنان" لە رێبەریدا و دێموکراتیک نەبوونی ئەو پێشنیارە لەو رستەیەی سەرەوە خۆی دەنوێنیّ. بە پێی ئوسوڵە دێموکراتیکەکان جێگیرانی کۆمیتەی ناوەندی "دەنگی متمانەی" بەشدارانی کۆنگرەیان بۆ ئەندامەتی لە کۆمیتەی ناوەندی و رێبەری حیزبدا نەهێناوە و ئەوان جێگری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندین، کەوابوو ئەوانە لە بەرانبەر بۆ نموونە راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە وەڵامدەر نین، چونکە دەنگی ئەوان مەشوەرەتیە و لە پرۆسەی بریارداندا ئەوان لە راستیدا لە دەرەوەی بازنەی بریاردانن. موشاویرانی کۆمیتەی ناوەندیش لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیەوە نەک کۆنگرە دیاری کراوە. جیا لەوە کۆنگرە لە رووی ئیداریشەوە بێت بۆ ئەوەیە کە رێبەری حیزب تازە بکرێتەوە، واتە رێبەری حیزب لە نێوان دوو کۆنگرە نوێنەرایەتی ئەندامانی حیزب دەکات نەک دوای ئەو، بۆیە یەکێک لە مکانیزمە نادێموکراتیکەکانی باو لە ناو حیزبی ئێمە بوونی مافی بەشداری دانی راستەوخۆی یەک لە سێی ئەندامی حیزب بە هەڵبژاردەی کۆمیتەی ناوەندیە.

هەروەک لە سەرەوە دەبیندریّ لانی کەم سیّ مکانیزمی نا دێموکراتیک بە پێی ئوسووڵە دێموکراتیکەکانی ئەمرۆی جیهان و بە پێی پرەنسیبە گشتیەکانی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست کە حیزبەکەکان ئەندامیەتی لە پێرەوی ناوخۆیی حیزبدا گونجێندراون و ئەوان لە روانگەی ئێمە پیاوانەوە بە تەواوی دێموکراتیک و سروشتی دەبیندرێن، بەڵام پرسی "سەهمیەی ژنان" بە نادێموکراتیک. بۆیەبیانووی نادێموکراتیک بوونی "سەهمیەی ژنان" هۆیەکی زۆر کزە بۆ رێگرتن لە مکانیزمێکی وا لە پێرەوی ناوخۆی حیزبدا.

### بەشداری ژنان وەک پێویستیەک بۆ گەشەکردن

بە دیاری کردنی لانی کەمی "سەهمیەی ژنان" لە رێبەری و ئۆرگانەکانی حیزبدا، ئامانجی یەکسانی و ژن و پیاو و دوورکەوتنەوە لە فەرهەنگی باوکسالاری دێتە دی. یەکێک لە مەرجەکانی ئەندامەتی لە یەکیەتی ئوروپادا لانی کەم بەشداری 40%ی ژنان یان پیاوان لە سیستەمی رێبەری و ئیداری وڵاتاندایە. لە وڵاتانی دێموکراتیکی رۆژئاو کە خاوەنی چەند سەد ساڵ ئەزموونی دێموکراتیک و سیستەمی بەرێوەبەری دێموکراتیکن "لانی کەمی سەهمیەی" جنسی موخالف وەک زامنی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و بەشداری هەموو ئەندامانی کۆمەڵ لە کاروباری سیاسی، ئابووری و

کۆمەڵایەتی وڵاتدا دەبیندرێ. لە وڵاتانی ئوروپایی نەتەنیا لە کاروباری ئیداری و دەوڵەتی و سیاسیدا ژنان سەهمیەیان هەیە، بەڵکوو وەک پرۆگرامێکی دەوڵەتی بەشێکی زۆر لەو وڵاتانە خاوەنی یاسای سەهمیەی "جنسی موخالف" لە بەڕێوەبەری شرکەتە تایبەتیەکانن و بەوە بۆ نموونە لە بانکەکان، بازاری بۆرس و بەڕێوەبەری شرکەتە فرەنەتەوەییەکان دەرگای بەشداری هاوسان بۆ ژنان کراوەتەوە.

بۆ بەرەو پێش چوونی خەباتی نەتەوایەتی و گەیشتن بە ئامانجەکانی نەتەوایەتیمان پێویستمان بە هەموو تواناییەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستاندا هەیە. تا ئێستا توانایی ژنان بە تەواوی لە خەباتی نەتەوایەتیدا و لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەتەواوی کەڵکی لێوەرنەگیراوە و بەوەش زیاتر لە نیوەی توانایی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستان ناچار بە پاسیڤ بوون کراوە و وزەیەکی زۆر بە "هەدەر"دراوە. لەو پێوەندیەدا تاوانبار کردنی تەنیا ژنان بۆ بەشداری نەکردنیان لە راستیدا خۆ بواردن لە بەرپرسایەتی مێژوویی رێبەری حیزبە، چونکە تا ئێستاش بوو بێ زەمینەی هاوسان بۆ بەشداری هاوسان لە خەباتدا بۆ ژن و پیاو پێک نەهاتووە و لە جێدا کەمتر سەرنج بە پرس و پێویستیەکانی نیوەی کۆمەڵی کوردەواری دراوە. لە ناو حیزبی ئێمەدا جارێش هەر بیروبۆچوونی پیاوسالارانە و کۆنباو زاڵە و ئەمەش پێشی پراکتیزەکردنی دروشمەکانی حیزب لە ئاستی کردەوەدا گرتووە و ئێمەی لە بەرانبەر "ئەخلاقی بوونی" دروشمەکانمان راگرتووە.

پرسی ژنان لە کۆمەڵی کوردەواریدا و لە هەل و مەرجی خەباتی نەتەوایەتیدا پرسی "سنفی" نیە، بە ژمارەش بێ پرسی نیوەی کۆمەڵگای کوردی و لە رووی پێوانە "کیفتیەتی"یەکانەوە پرسی پتر لە نیوەی کۆمەڵە بۆیە پرسی ژنان و بەشداریان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا پرسێکی نەتەوەیی و پرسی پێوەندیدار بە چارەنووسی خەباتی حیزبەکەمانە.

مرۆڤ لە جێدا ناتوانێ ببێتە ئەندامی رێبەرایەتی یان بەشێک لە رێبەرایەتی و تەنانەت رێبەری رێکخراوە یان بزووتنەوە، رێبەری پرۆسەیەکی درێژخایەنە کە تاکی مرۆڤ دەبێ هەوڵی زۆر بدا لە پێناو گەیشتن بەو ئاستە. ئەو مەرجە بۆ ژن و پیاو وەک یەکە، بەڵام جیاوازی ئەو رەوتە لەودایە کە ژن خاوەنی هەلی یەکسان لە گەڵ پیاو نیە و بەکردەوە پێشی گەشەکردنی دەگیرێ و ئەمەش لە روانگەی "مودیریەتی" خەسارێکی قورس و لەدەستدانی هێز و وزەیەکی زۆری کۆمەڵایەتی و هزریە.

کۆنگرەی شانزدەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێ لە دروشمەوە بەرەو کردەوە بروات و نیشان بدا، خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەباتی هەموو ئەندامانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و لەو پێناوەدا ئامادەیە زەمینەی بەشداری هاوسان بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا خۆش بکات.

## یەکگرتنەوەی بنەماڵەی حیزبی دیموکرات بەرپرسایەتیەکی پرەنسیبی و ئەخلاقیە

زیاتر لە دەساڵ لە دوایین لێکداپڕانی حیزبی دێموکرات تێپەر دەبێت. لێکرابرانێک کە ئاکامەکەی لەدەستدانی وزە و ئێنێرژیەکی زۆری خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و لاواز بوونی رێکخراوەیی و سیاسی حیزبی دێموکرات و حیزبە لێکدابراوەکانی لێ کەوتەوە. لێکداپرانێک کە بوو بە هۆی قووڵبوونەوەی دابەشبوونی کۆمەڵایەتی و لێکترازانی پێوەندیەکانی ناو کۆمەڵگا و لەناوچوونی سەرنجی سەرەکی بەرەو دوژمنی داگیرکار. لەماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا هەوڵێکی زۆر لە لایەن زۆر کەسایەتی، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و دۆستانی بزاڤی نەتەوایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها رێبەری هەردووک بەشی حیزبی دیموکرات دراوە بۆ گەیشتن بە یەکگرتنەوەی دووبارە. لێکداپرانەکانی ناو حیزبی دێموکرات بەرلە هەموو شتێک دەگەرێتەوە بۆ جۆری تێگەیشتنمان لە کێشەکانی ناوخۆیی حیزب. بە درێژایی مێژوو باسکردن لە کێشەکان شتێکی بڤە بووە و هەوڵدراوە کێشەکان سەرپۆش بکرێن نەوەک دوژمن کەڵکی خراپ لێ وەرگرێت. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لە شوێنێک کێشەکان بە تەقینەوە بگات و لێکداپران و جیایی لێ بکەوێتەوە.

کێشەی ناوخۆیی دەبێتە هۆی لە ناوچۆن. کێشە هەروەها هاندەرێکە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆ گەشەکردن و هۆیەکی بەهێزە بۆ ئاوەدان کردنەوەی رەوتی ئاشتی. بۆ نموونە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ئورووپا دوو جەنگی جیهانی، ژمارەیەکی زۆری شەری ناوخۆیی، چەندین رژیمی دیکتاتۆری بەخۆیەوە بینیوە و یەکێک لە شەڕاویترین ناوچەکانی جیهان بووە. بەڵام دوای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بە پێهاتنی بازاری هاوبەشی ئورووپا، ئەمرۆ بووەتە یەکێک لە ناوەندەکانی هەرە خێرای گەشەکردنی مرۆڤی، هێمنایەتی و تەناهی سەر گۆی زەوی. کێشە و قەیرانی ناوخۆیی حیزب و رێکخراوەکانی کوردستانیش نابێت وەک دیاردەیەک سەیر بکرین کە کۆتاییان بۆ نیە. ئەنجامی ئەو لێکداپران، قەیرانە سیاسی و رێکخراوەییەکانی ناو حیزب و رێکخراوەکانی سیاسی کوردستان بۆتە هۆی ئەوەی کە کۆمەلگای کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا توانایی و پرستی شوێنداەر بوونی خۆی لە دەست بدات و دوای هەفتا ساڵ خەباتی بێ وچان نەتوانێ بە لانی کەمی داخوازەکانی خۆی بگات. بەو حاڵەش ئێمە دەتوانین ئەو کێشانە بکەینە هەوێنی یەکگرتنەوەیەکی بەهیز، کە دۆزەکەمان لە هەموو جارێ زیاتر بە ئامانج نزیک بکاتەوە و هیز و وزەیەکی تازە بە رەوتی خەباتی نەتەوایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ببەخشێت.

دەبێ دان بەو راستیە دابنێین کە لێکترازان ئاسانتر لە پێکەوە ژیان و دووبارە یەکگرتنەوەیە، چونکە لە پرۆسەی یەکگرتنەوەدا ئێمە هەموومان لە بەرامبەر یەکتر بەرپرسیارین. ئەم بەرپرسیاریە دەبێ هەمەلایەنانە بێت. لەو پێوەندیەدا بەرلە میکانیزمی یەکگرتنەوە پێشمەرجی کار بۆ یەکگرتنەوە رێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤی یەکتر و کارکردن بۆ لابردنی ذێهنیەتەتی هەڵاواردن و پەراوێزخستنی یەکترە.

کۆمەڵگای ئەمرۆ کوردستان گۆرانکاریەکی زۆری لە هەموو بوارەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و کولتووری و ئابووری و ئاست و شێوەی پێوەندیەکان بەسەردا هاتووە. دەتوانین بڵێین کۆمەڵگای کورد بەدرێژایی مێژووی خۆی ئەوەندە فرەرەنگ و پلۆرال نەبووە. بۆیە ئەمرۆ ناتوانرێ یەکگرتنەوەیەک لە سەر بنەماکان و فۆرمۆلەکانی کۆن مسۆگەر بکریت و دەبێ هەر یەکگرتنەوەیەک رێز لە جیاوازیەکان بگرێت و دان بەو جیاوازی و فرەچەشنی ناوکۆمەڵگا بهێندرێت و لەو رووەوە پلاتفۆرمێک ئاوادان بکرێتەوە کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا خۆیان تیدا ببیننەوە و خەونەکانی حیزبی دێموکرات ببنە خەونی تاکتاکی کۆمەڵگا و ئەندامان و لایەنگرانی دێموکرات هەست بەوە بکەن کە ناسنامەیەکی یەکگرتوو و فرەچەشنیان هەیە.

حیزبی دێموکرات لە درێژەی مێژووی خۆیدا خۆی بە داهێنەری "سیاسەتی" ئەخلاق سەنتەری و ئەخلاق مەداری دەزانێت. بۆیە رەچاوگرتنی ئەخلاق و پرەنسیبەکان لە وتار و کردەوەدا خاوەنی گرنگیەکی تایبەتە. بۆیە بە پرواى من داننان بە جیاوازیەکان و تەنانەت ناوەکان دەتوانێت خێراییەکی زیاتر بە یەکگرتنەوە ببەخشێت.

ئاشتی نەتەوایەتی و وێکگەیشتنی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا پێویستی بەستراتێژیەک هەیە کە وەڵامی دوو پیویستی سەرەکی بداتەوە: لە لایەک ستراتێژیەک بێت بۆ گەشەسەندنی ئاشتی و وێکگەیشتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوخۆیی و لە لایەکی دیکەوە ستراتێژیەکی پێشگیرانە هەبێت بۆ بەرهەڵست بوونەوە لە گەڵ قەیرانەکانی داهاتووی پیوەندیدار بە رێکخراوەکان. ستراتێژیەکان دەبێ لە سەر بنەمای چارەسەری کێشەکان و گەشە سەندنی دێموکراسی و تۆلێرانسی ناوخۆیی و نێوان رێکخراوەکان و پێشڤەچوونی بەردەوام و گەشە سەندنی سیستەمێکی بەرێوەبەری و ئیداری وا بێت کە گەشە بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی – سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان بدات.

تەمەنی نێونجی لە رۆژهەڵاتی کوردستان 24/3 ساڵە و بە پێی ئامارەکانی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە 14% لاوانی خوارەوەی 30 ساڵ خوێندنی بەرزیان تەواو کردووە. ئاست و چۆنیەتی دانیشتوانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەرفەتێکی گونجاو و بێ وێنەیە بۆ حیزبە سیاسیەکان خوڵقاندووە کە بتوانن هێزێکی گەنج، دینامیک و پەروەردەکراو بە خوێندنی باڵاو بە هەستی نیشتیمانیەوە لە دەوری خۆیان کۆ کەنەوە. ئەمەش پێویستی بە "رێبەری"یەک دەکات کە بتوانێت ئاسۆیەکی روون، هیوابەخش بە خەڵک ببەخشێت و هێزی گەل لە دەوری بایەخەکانی خۆی کۆ بکاتەوە و بەها هاوبەشەکان لە ناو کۆمەڵگادا گەشە پێ بدات.

وێرای ئەوانە پرسیاری سەرەکی لەو پێوەندیەدا وێکگرێدانی سێ "ئیرادە"ی بنەماییں بۆ داڕشتنەوەی دووبارەی حیزبی دێموکرات وێکگەیشتنی بە کردەوە: 1. ئیرادەی تاکەکەسی ئەندامان

و ڕێبەران، 2. ئیرادەی هاوبەشی نێوان ڕێکخراوەکان و 3. ئیرادەی  هاوبەشی ڕێبەران کە دینامیکی سەرەکی لێک نزیکبوونەوە و  خەباتی هاوبەشین.

لەو ڕووەوە پرسی یەکگرتنەوە پرسێکی ئەخلاقی و بەرپرسایەتیەکی سیاسی و نەتەوەیی کۆنگرەی داهاتووی حیزبە. تا ئێستا لە کۆنگرەکانی پێشوودا بەتایبەت کۆنگرەی پانزدەهەمدا ڕێبەری ڕاسپێردرابوو بۆ هەوڵدان بۆ ئەوەی بتوانن یەکگرتنەوە – ئەگەر مەجال بوو- مسۆگەر بکەن. ئەو ڕاسپاردەیە  پریارێکی سیاسی کە ڕێبەری حیزب هەموو ئاڵترناتیڤەکان تاقی بکاتەوە تا گەیشتن بە یەککرتوویی نەبووە. جیا لەوە لە پرۆسەی هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوەی لایەنەکانی حیزبی دیموکرات هەردوو لا وێرای ناراستگۆیی و پرۆپاگەندەی ناراست هەوڵیانداوە لایەنی بەرامبەر لە سەرنەکەوتنی پرۆسەکە تاوانبار بکەن. یەکگرتنەوەی هیزەکان و ریزەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات پرسێکی ئەمرۆیی و زەروورەتێکی نشتیمانیە بۆیە هەررۆژێک کە لە یەکگرتنەوە درەنگ دەکەوین بە قازانجی دوژمنی گەلی کورد و بەزیانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەواو دەبێت.

بۆ ئەوەی یەکگرتنەوەیەکی جیددی و بنەمایی لە ناو حیزبی دێموکرات دا مسۆگەر بێت پێویست بە ڕەچاوگرتنی ئەو خالانەی خوارەوە دەکات:

- پابەند بوون بە بنەماکانی مافی مرۆڤ، ڕێزگرتن لە کەڕامەتی مرۆڤ و پابەند بوون بە پلۆرالیزمی سیاسی و جڤاکی
- لە بەرچاوگرتن و ڕێزگرتنی ماف و بەرژەوەندیەکانی ڕێکخراوەکانی دیکەی مەیدانی چالاکی سیاسی دا.
- پێرەوی نێوخۆ و بەرنامەی سیاسی حیزب دەبێ خزمەت بە گەشەکردنی پلۆرالیزم و دێموکراسی لە ناو کۆمەلگادا بکات.
- بە مەبەستی هاوسازی لە گەڵ ئالوگۆڕەکانی جڤاکی کوردستان، پێکهێنانی "ژووری فکری" لە پێناو پێکهێنانی ڕێفۆرمی سیاسی و ڕێکخراوەیی لە ناو حیزبدا.
- بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداری خەڵکی دەرەوەی حیزب لە ڕەوتی پریاردان و دارشتنی سیاسی حیزبی دا
- پێکهێنانی مکانیزمێکی گونجا لە چوارچێوەی ستراتێژی نەتەوایەتیدا بۆ ئاڵوگۆڕکردن و هاوکاری نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی  دیکەی کوردستان، بەشێوەیەک لە لایەک خزمەت بە گەشەکردنی یەکیەتی نەتەوایەتی لە سەرانسەری کوردستان بکات و لەلایەکی دیکەوە نەبێتە هۆی دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی یەکتر.
- پشتیوانی کردن و بەهێزکردن کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان، لە ڕێگای پێکهێنانی ئاسانکاری و دەرفەتی خۆ ڕێکخستن و پێکهێنانی تۆری پێوەندیەکان و هەروەها پێشکەش کردنی فێرکاری و بارهێنانی فەرهەنگی ڕێکخراوەیی.

- ڕێزگرتنی لە ئازادی ڕادەربرین، ئازادی خۆ ڕێکخستن و پابەند بوون بە پاراستنی مافی کەمایەتیەکان.
- پێکهێنانی دەزگایەکی گەشەسەندن و پەروەردەی دێموکراسی، چارەسەری و بەڕێوەبەری کێشەکان و یەکسانی کۆمەڵایەتی.

بە پروای من ئەولەویەتی پێویست بە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات و بەیەکگرتوویی مانەوەی بریتیە لە: دووبارە داڕشتنەوەی حیزبی دێموکرات لە سەر بنەمای 1. بایەخە نیشتیمان و نەتەوەیی، دێموکراتیک، هوومانیستی و ئیکۆلۆژیک و ژینگە پارێزی 2. بەهێزکردنی ڕێکخراوەکان و فەرهەنگی ڕێکخراوەیی بۆ سازماندان و مۆبیلیزە کردنی خەڵک لە سەرانسەری کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانی ناو ئێراندا، 3. هاندانی خەڵک بۆ داهێنان و گەشەپێدانی ئابووری خۆجێی و داهێنەرانە و پەرەپیدانی بازرگانی و بەرهەمهێنانی خۆجێی بۆ بەهێزکردنی باری ئابووری خەڵکی کوردستان و 4. چارەسەری پرسی بەشداری یەکسان و هاودەرفەت لە نێوان ژن و پیاو و سەرمایەگوزاری لە سەر فێربوون و پەروەردەی ڕێکخراوەیی.

لە پێناو گەیشتن بەو ستراتێژیە پێویستە پرۆسەی دێموکراتیزاسیۆن و دێسانترالیزەکردن یان فیدرالیزە کردنی قەوارەی حیزبی دێموکرات وەک دەسپێکی ئەو ڕەوتە ببیندرێت. ئامانجی حیزبی دێموکرات گەشە سەندن و پێشقەبردنی تەواویەتی کۆمەڵگای کوردستانە بۆیە بۆ ئەوەی ئامانجەکان وەدی بێن، پێویست بە چارەسەری هەموو کێشەکانی ناوخۆیی و کێشەکانی پێوەندیدار بە حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان دەکات. دەبێ ئەوە بزانین کێشە چارسەرنەکراوەکان وەک بۆمبی "ساعەتی" هەمیشە دەتوانن ببنە هۆی تەقینەوە و لە ناو بردنی هەموو ئەو دەستکەوت و بەرهەمانەی کە خەباتی نزیک بە هەفتاساڵەی حیزبی دێموکرات خوڵقاندوویەتی.


لەوەها ڕەوشێکدا ئاسۆیەک کە بۆ حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو دەتوانرێت ببیندرێت بریتە لەوە کە: حیزبی دێموکرات خەریکی داڕشتنەوەی حیزبێکە: مۆدێرن، سەرکەوتوو، یەکگرتوو، خاوەن ڕێز و ئێعتبارە و شانازی بە بایەخە بنەماییەکانی خۆی دەکات، لە رووی سیاسیەوە سەقامگیر و خاوەن هێزی شوێندانەر و بەبێ هەڵاواردن لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵدا و یەکسان لە رووی ماف و دەرفەتەکانە. داڕشتنەوەی حیزبی دێموکرات لە سەر ئەو بنەمایە دەبێتە هۆی گەشەکردنی سەرمایە مرۆڤیەکان و پێگەی نەتەوایەتی و ناونەتەوەیی و حیزبی دێموکرات دەگاتە ئاستێک کە ببێتە یەکێک لە فاکتۆرەکانی بەهێزی گەشەکردنی ناوچەیی.

کۆنگرەی شانزدەهەمی حیزب لە هەلومەرجێکی مێژویی هەستیاردا دەگیرێت، هەلومەرجێک کە خوازیاری بڕیاری بەرپرسانە، بوێرانە و ئەخلاقی و نشتیمانین کە ڕێ خۆشکەری دواڕۆژێکی گەش و بەهێز بن بۆ نەتەوەی کورد. ئەندامانی کۆنگرە دەتوانن شانازیەکانی مێژوو بەناوی خۆیان تۆمار بکەن و

پاژڵەکانی لێکداپڕاوی حیزب وەسەریەک کۆکەنەوە و حیزبی دێموکرات یەکگرتووانە بۆ ڕێبەری جۆڵانەوەیەکی نوێ ئامادە بکەن.

## پێویستی پەروەردەی سیستماتیکی ڕێکخراوەیی

ساڵی 2001 بۆ ماوەی مانگێک بە مەبەستی هاوکاری بەشی چاپەمەنی سەردانی کوردستانم کرد. لە میانەی بوون لە خزمەت هاورێیاندا لە گەڵ زۆر لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزب شانازی ئەوەم هەبوو گفتگۆ بکەم و لە نزیکەوە ئاشنا بە جۆری بیرکردنەوەیان بم. ڕۆژێک بە یەکێک لە ئەندامانی خاوەن نفووزی دەفتەری سیاسی پێشنیارم کرد کە بۆ ئەوەی ئەزموونی باشووری کوردستان لە گەندەڵی بەڕێوەبردن و ئانارشیزمی دوای رووخانی سیستەم رزگارمان بێت و هەروەها بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی خەباتی چەکداری و چالاکی پێشمەرگە چاکتر وایە ناوەندێکی پەروەردە دابمەزرێت کە بتوانێت بە پێی ویست و پێویستی پێشمەرگەکان دەورەی یەک ساڵە تا چوارساڵە دابنرێت و لە مامۆستایان و کەسانی شارەزای دەرەوە و ناوخۆی حیزب کەڵك وەرگیرێت بۆ پەروەردەی کادری دوارۆژی حیزب. وەڵامی ئەو بەرپرسەی حیزب زۆر سەرنج راکێش بوو: "کارێکی بێ فایدەیە، چونکە ئەوان بۆ حیزب نابنە ماڵ و ئەگەر پەروەردەیان بکەی دوای دووساڵ دەرۆن یان بۆ ئوروپا یان خۆیان تەحویل دەدەن!"




یەکێک لە کەموکۆریە هەرەسەرەکیەکانی حیزبی دێموکرات لاوازبوونی سیستەمی پەروەردەیی و نەبوونی "داهێنانی هزری" یان "تولید فکری"یە. گەیشتن بە ئامانجەکانی حیزب پێوەندی بە ئاستی

ئامادەیی ئەندامانی حیزب لە ئەنجام و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیانە و ئەمەش پێوەندی بە رادەی تێگەیشتن لە ئامانج بنەماکانی هزری حیزبی دێموکراتەوە هەیە. جێبەجێ کردنی پەروەردە و گەشەپیدانی ئەندامانی رێکخراوەیی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەندامان بتوانن خۆیان لە گەڵ هەلومەرج بگونجێنن و چالاکیەکانی خۆیان درێژە بدەن. کەوابوو چالاکی و پەروەردە وهەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجە هابەشەکان لە بوونی سیستەمێکی پەروەردەی گونجاودا مسۆگەر دەبێت.

لە رابردوودا بووچوونێکی وا هەبوو کە کاتی فێربوون و کاتی جێبەجێ کردنی ئەرک و ژیان لێک جیاوازن بۆیە ئەو کەسانەی کە هەوڵی پەروەردەی خۆیان داوە یان پەراوێز دەخران یان بە شێوەیەک هەڵسوکەوتیان لە گەڵ دەکرا کە ناچار بە هەڵبژاردن بن. ئەمەش بووە بە هۆی لەداستدانی هێز و توانایی و شارەزاییەکی زۆر - کە دەتوانین پێی بڵێن "کۆرەوی مێشکەکان" – لە حیزبی دێموکرات دوور کەوتن. ئەمرۆ لە سایەی گەشەکردنی پەروەردەی رێبەری و شێوازەکانی نوێی پەروەردە و فێرکردن هاوکات لە گەڵ ژیانی مرۆڤە. ژینگەی ئێمە خەریکی گۆرانکاری خێرایە، بایەخەکان ئاڵوگۆریان بەسەردادێ، پێوەندیەکان و تۆرە کۆمەڵایەتیەکان شوێندانەرن لە سەر هەموو هەڵسوکەوتی رێکخراوەیی و تاکانەی ژیانمان. بۆیە لە پێناو رزگاری لە "تشنج"ی رێکخراوەیی و تێکچوونی هەڵسوکەوتی رێکخراوە پێویستە سیستەمی پەروەردەی بەردەوام لە ناو حیزبی دێموکراتدا دامەزرێت تا بە پەروەردەی سیستەماتیک و بەردەوام وێرای پەروەردەی کادری نوێ کادرەکانی خاوەن ئەزموون و شارەزاکانیش ئاستی زانیاری و ئەزموونیان بە رۆژ بکرێت. بوونی ستراتێژی پەروەردە و لەبەرچاوگرتنی مێتۆدە زانستیەکانی پەروەردەی گەورەساڵان و پەروەردەی رێبەری، هەڵسوکەوتی ریکخراوەیی و گەشەی رێکخراوەیی پێویستی بە بریاری سیاسی دەکات. ئێمە لە هەلومەرجێکدا خەبات دەکەین کە گۆرانکاری تەکنۆلۆژی و پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیای پێوەندیەکان لەهەموو قۆناغەکانی رابردووی مێژوودا بەهێزتر و خێراترن. ئێمە لە سەردەمێک دەژین کە هەر پێنج ساڵ جارێک زانیاریەکانی مرۆڤ کۆن و "مەنسووخ" دەبن و زانیاری تازە جێی ئەوەی پێشوو دەگرێتەوە. بۆ نموونە زانستی رێبەری (رهبری) و بەرێوەبەری (مدیریت) بە درێژایی هەموو مێژوو تا ساڵی ٢٠٠٠ بە رادەی گەشەی ئەو زانستە لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٥ بووە. بەواتای ئەوە کە لە ماوەی پێنج ساڵدا زانستی رێبەری و بەرێوەبەری دوو هێندەی پێشووی خۆی گەشە کردووە.

نزیک بە نیوەی ئەو پیشانەی، کە ئەمرۆ دەبیندرێن پەنجا ساڵ لەمەوبەر هەر ناویشیان نەبیسرابوو. گۆرانی چەندین جاری پێشە لە درێژەی ژیانی مرۆڤدا ئیتر شتێکی ئاساییە. هەگەری ئەوەکە ئێستا گەر کەسێک لە بوارێکدا شارەزایی بەدەست بێنێت و تا ٣٠ ساڵی داهاتوو هەر لەو زانستە بتوانێک کەڵک وەرگرێت زۆر لاوازە. لە جیهانێکدا کە کۆمەڵگا بە خێرایی خەریکی ئاڵوگۆرە پەروەردەی ئەندامان و کادرەکانی حیزبی پێویستیەکی سەرەکی وبنەڕەتییە لەلایەک بۆ وەڵامدانەوە بە پێویستیەکانی حیزبی بۆ خۆ گونجاندن لە گەل ئاڵوگۆرەکانی کۆمەڵگا و لەلایەکی دیکەوە سەرمایەگوزاریەکە بۆ هەبوونی کادری پەروەردەکراو و داهێنەر.

لێکۆڵینەوەکان نیشان دەدەن کە پەروەردەی ئەندامانی ڕێکخراوە دەبێتە هۆی بەردەوامی گەشەی ڕێکخراوەیی و زیندوویی ڕێکخراوە لە ناو کۆمەڵگادا و مانەوەی ڕێکخراوە وەک بەشێک لە کۆمەلگا. لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا حیزبی دێموکرات لە هەمووکات زیاتر پێویستی بە کادر و شارەزای بوارە جۆراوجۆرەکانی خەبات هەیە. ئەو هۆیانەی کە دەبێ کۆنگرە بڕیار بدات بۆ دامەزراندن و ڕەچاوکردنی پەروەردەی سیستماتیک بریتین لە:

- خێرایی گەشەسەندنی زانستی مرۆڤایەتی لە هەموو بوارەکاندا
- گەشەسەندنی ڕۆژبەڕۆژی تەکنۆلۆژی پێوەندیەکان
- بەهۆی دەرکەوتنی جیاوازیەکان و فرەرەنگی کۆمەڵگا، گۆڕینی ڕۆڵی ڕێکخراوەکان لە ناو کۆمەڵگادا
- ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی بەهۆی گۆڕانکاریەکانی کەش و هەواو و کۆچبەری کوردەکان بۆ دەرەوەی وڵات
- پێوەندیەکانی مرۆڤی و کێشەکانی پێوەندیدار بە پێوەندیەکان
- بەرزبوونی ئاستی زانیاری و تێگەیشتوویی تازەهاتووەکان
- پێویستی بەهرەوەرگرتن لە هەموو توانا و شارەزایی ئەندامان
- پێویستی بە هێزی پسپۆڕ و شارەزا لە بوارەکانی وەک پێوەندیەکان، ڕاگەیاندن و پەروەردەی ناوخۆیی

لە گەڵ ئەمەش گرینگترین هۆکار بۆ دامەزراندنی سیستەمی پەروەردەی سیستماتیک بریتین لە ١. هاوئاهەنگی و هاوئامانج کردنی ئەندامان لە گەڵ ڕێکخراوەکانی حیزب. ٢. لە لایەکی دیکەوە بەشداری کردن لە  پێشکەوتن و گەشەکردنی ڕێکخراوەییدا دەبێتە هۆی گەشەکردنی پسپۆڕی و شارەزایی و دەوڵەمەند بوونی تواناکانی ڕێکخراوە. ٣. جیالەوانە پێویستە هێز و تواناکانی ئەندامان و کادرەکانی حیزبی بەڕۆژ بێت بۆ گەشەکردنی بەهرەوەری ڕێکخراوەیی و ٤. ئەندام و کادری پەروەردە دەتوانێت یاریدەری ڕێکخراوە بێت لە گۆڕانکاریەکانی ناو حیزب.

ئەندامانی حیزب سەرەکیترین سەرمایەی حیزبن. ئەوەی کە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی ڕێکخراوێک بەرلە هەموو شتێک سەرچاوەکانی مرۆڤی ڕێکخراوەن نەک ڕەوشی ئابووری ڕێکخراوە. ئەوە سەرچاوەکانی مرۆڤین کە دەبنە هۆی ئینسجام بەخشین بە سەرمایەکانی ماددی و مەعنەوی ڕێکخراوە. ئەوان لە سەرچاوە سروشتیەکانی کۆمەغ وەردەگرن و دەبنە هۆی گۆڕانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و لە ئەنجامدا دەبنە هۆی پێشکەوتنی نشتیمانی. حیزبێک کە نەتوانێت شارەزایی و پسپۆڕی ئەندامانی خۆی گەشە پێبدات توانای ئەوەی نابێت کارێکی دیکەش ئەنجام بدات. کەوابوو ئەگەر ئەندامان و کادرەکانی حیزبی لە هەموو ئاستەکانی بەرپرسایەتی خۆیاندا بە شێوەی  ڕێکوپێک پەروەردەبکرێن و ئاستی شارەزاییان لە پێوەندی لە گەڵ کاریان بەرز بکەنەوە، دەتوانن ئەرکەکانی خۆیان بە جوانترین شێوە جێبەجێ بکەن. لەو ڕووەوە لە پێناو گەیشتن بە

ئامانجەکانی درێژخایەنی حیزب پەروەردەی ئەندام و کادری کارامە پێویستیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمرۆییە. بۆیە بۆ بەهرەوەرگرتن لە هەموو هێزی مرۆڤی لە کورتخایەن و درێژخایەن دا پێویستە پەروەردەی سیستماتیک بکرێتە یەکێک لە پریارە سیاسیەکانی بەرزترین ئۆرگانی حیزبی و لە پێناو جێبەجێکردن و پلاندانانی لە کەسانی شارەزای بواری پەروەردە و پێداگۆژی کەڵک وەرگیرێت تا بەوە شاهیدی کۆمەڵگایەکی سەرکەوتوو، کارا و بە توانای حیزبی بین.

## سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەڵام دەری داهاتوو نیە


شەهید قاسملوو لە پەرتووکی چڵ ساڵ خەبات لە پیناو ئازادیدا دەڵیت: "هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەسپێک و کۆتایی هەیە." بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی زۆر دیاردەگەلی چاک لە کۆمەڵگاکاندا سەریان هەڵداوە و یان وەدیهاتوون یان بەبێ ئەوەی کە بتوانن شکڵی ماددی بەخۆیانەوە بگرن بەهۆی گۆرانکاری لە هەلومەرجی بەرهەمهێنان و ژینگەی ئابووری – کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە کاتیان بەسەر چووە.

لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبەوە سۆسیالیزمی دێموکراتیک یەکێک لە پناسە هەرە گرینگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە کە لە لایەک حیزبی دیموکرات خاوەنی ناسنامەی نەتەوایەتی و لەلایەکی دیکەوە خاوەنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی بێت، بەوە جگە لە ئامانجی کۆتایی هێنان بە هەژاری و دواکەوتوویی کوردستان ئامانج ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات لە حیزبە نەتەوایەتیە نەریتیەکان و حیزبی چەپی سوننەتی واتە حیزبی توودە جیا بکرێتەوە.

ئەمرۆ دیاردەی سۆسیالیزم بە هەموو شێوازەکانی خۆی لە سەرانسەری جیهاندا جگە لە چینی کمۆنیست کە سیستەمێکی داپلۆسێنەر و دیکتاتۆری سیاسیە، کۆرەی باکووری (سۆسیالیزمی جووچە) و کووبا کە خاوەنی ئابووریەکی بێهێز و سیستەمێکی سیاسی پاوانخوازە.

لە رووی "واقع"ی سیاسیەوە چاکترین مۆدێلی سیاسی بۆ دوارۆژی کوردستان مۆدێلێکە کە لە جیهان تاقی کرابێتەوە و ئەزموونی سەرکەوتووی هەبێت. لە هیچ وڵاتێکی جیهان سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەک سیستەمی سیاسی دانەمەزراوە. سۆسیالیزمی دیموکراتیک کاتێک "مەوزووعیەتی" هەبوو کە سۆسیالیزمی پێشوو یان ئەوکات "سوسیالیزم مەوجوود" بوونی هەبوو. ئەمرۆ لە نەبوونی وەها سیستەمێک و ئاڵترناتیڤێک سۆسیالیزمی دێموکراتیک مۆدێلیکی سیاسی ناروونە کە قەرارە لە کوردستان دامەزرێت.  سۆسیالیت ئەنترناسیۆنال ساڵی 2000 ئامانجی سەدەی داهاتووی خۆی "سۆسیالیزمی دێموکراتیک" ناو برد بە شی کردنەوەی "گەشەی گەشەی بەردەوام" واتە گەشەی بەردەوامی ئابووری – کۆمەڵایەتی وەک سۆسیالیزمی دێموکراتیک کە ئامانجی سەدەی 21 بێت شی کراوە. ئێمە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو راستیەی کە تا ئەمرۆ خاوەنی هیچ کیانێکی سیاسی خۆمان نەبووین و نەمانتوانیوە بنەماکانی کیانی سیاسی لە وڵاتی خۆمان دامەزرێنین، بە دوور دەبیندرێت بتوانین سیستەمێک کە لە شوێنی دیکە تاقی نەکراوەتەوە دامەزرێنین و بەرێوە بەرین. جیالەوە سۆسیالیزم هەروەک ئەزموونی وڵاتانی سۆسیالیستی نیشانی داوە، سیستەمێکی سیاسی پاوانخوازانە و ئایدیۆلۆژیە کە ناتوانێت لە مۆدێلی وڵاتێکی دێموکراتیک بێت.

هەروەک لە کورتەباس و بەرنامەی سیاسی حیزبی دێموکراتدا دەبیندرێت، بەرنامەی سیاسی حیزب و ئامانجی دوارۆژی حیزب لە کاتێکدا دارێژراوە و تیۆریزەی بۆ کراوە کە یەکەم: جیهانی ئەوکات جیهانێکی دوو جەمسەری لەرووی ئایدئۆلۆژیەوە بوو. دووەم: ئاڵوگۆرەکانی ژینگەیی و ئێکۆلۆژیک وەک ئەمرۆ بەرچاو نەبوون و کۆمەڵگا لە قۆناغی پیشەسازی نەریتی دابوو و بەو پێیەش بەرنامەی سیاسی حیزب و ئامانجی دوارۆژی حیزب زۆر "تەمەرکوز"ی کردۆتە سەر پیشەیی کردنی کوردستان. ئەمرۆ ئاڵوگۆرەکانی ئێکۆسیستەم و گۆرانکاری لە پیشەسازی و بەرهەمهێناندا وامان لێدەکەن پێداچوونەوەیەکی سەر لەنوێ لە ئامانجەکانی خۆماندا بکەینەوە.




بنەماکانی گەشەی بەردەام

ئەم مژارە پێویستیی بە لێکۆلینەوە و باسی زۆرتر دەکات، بەڵام وەک ئەرکێک بە مەبەستی بەشداری لە مژارەکانی پێوەندیدار بە کۆنگرەی شانزدەهەمی حیزب بە کورتی و لە دەرەوەی شێوازەکانی زانستی بە شێوەی پێشنیار پێشکەش بە رۆژەوی سیاسی حیزب و رۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێت:

وڵاتانی باکووری ئورووپا: سوێد، نۆروێژ، دانمارک، ئیسلاند و فینلاند و هەروەها وڵاتی کۆرەی باشووری و ئیرلاند لەو وڵاتانەن کە ئەزموونێکی سەرکەوتوویان هەیە لە دامەزراندنی کۆمەڵگای

"رفاه" و له کەمکردنەوەی جیاوازی نێوان چینەکانی کۆمەلگادا، لەو ولاٌتانە کە لەسەر سیستەمی "رفاه کۆمەلاٌیەتی" دامەزراون و سیستەمی سیاسیان دێموکراتیک و سیستەمی ئابووریان ئابووری کراوە لەسەر بنەمای دادپەروەریە پرسەکانی پێوەندیدار بە پێراگەیشتن بە دواکەوتوویی ولاٌت، ژینگە، وزە، پەروەردە و گەشەی ئابووری بە جوانی چارەسەر کراون.

بەلەبەرچاوگرتنی هەلکەوتی ژێئۆپۆلیتیک و ئێکۆسیستەمی کوردستان رەچاوگرتنی ئامانجی "گەشە بەردەوام" (sustainable development) دەتوانێت درێژەی پرۆژەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک بێت. ئامانجی گەشەی بەردەوام کەلک وەرگرتن لە زانیاری و ئەزموونی مرۆڤایەتی لە پێناو ژیانێکی دەوڵەمەندتر، خۆشگوزەران و پاک و خاوێنە.

پێناسەکانی گەشەی بەردەوام دەکرێ بەسەر چوار دەستە دابەش بکرێن: کۆمەلاٌیەتی، ئابووری، بونیادی و ژینگە. گەشەی بەردەوام دیاردەیەکە بۆ بەدەست هێنانی بەردەوامی و گەشەکردن لە هەرکام لە پێویست بە سەرچاو و جێگیر کردنی خێرا و یەکپارچەی ئەو هەبێت لە کۆمەڵگادا. ئامانجی گەشەی بەردەوام بەرەوپێشبردنی ئابووری و گەشەی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگایەکدایە کە ئابووریەکی پێشکەوتوو هەوڵ دەدات گەشەی بەردەوام بە شێوەیەک بێت کە بەکاربردنی سەرچاوە ژێرزەوی و سروشتیەکان بە چەشنێک بێت کە یەکپارچەیی و جوانی سروشت و ژینگە وێرای وەدهێنانی پێویستیەکانی کۆمەڵگای ئەمرۆ بۆ نەوەکانی داهاتووش مسۆگەر بکات. گەشەی بەردەام بە بێ بوونی سیستەمێکی دێموکراتیکی فرەچەشن کە هەموو پێکهێنەرانی کۆمەڵگا تێدا هەست بە بوون و ناسنامەی خۆیان بکەن مسۆگەر نابێت. بۆیە ئامانجێکی گەشەی بەردەوام دەتوانێت بە شێوەی خوارەوە کورت بکرێتەوە:

- تێگەیشتن لە شوێندانەری گەشەکردن بە کەلک وەرگرتن لە ئامرازی پێشکەوتوو
- هەوڵدان بۆ گەشەسەدنی خۆماڵی لە چوارچێوەی ئێکۆسیستەمی کوردستان
- هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هەژاری و جیاوازی چینایەتی بۆ رێگری لە تێکچوونی بێ بنەمای سروشت.
- پێشکەوتنی پیشەیی وەک بەشێک لە پێشکەوتنی سروشت
- مسۆگەرکردنی یەکسانی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا

بێگومان ئەو مژارە پێویستی بە کار و لێکۆلینەوەی زانستیانە و کارناسانە هەیە بۆ شی کردنەوە و پێناسەکردن. مەرجی ئەمەش پریاری سیاسی وپێکهێنانی گرووپی کاری پسپۆرە بۆ ئامادەکردنی ستراتێژیەکی گەشەکردوو و دۆمدرا.

## پێویستی ستراتێژی راگەیاندن و پێوەندیەگشتیەکانی هۆشمەندانە

بە هەموو پێوانەکانەوە راگەیاندن و پێوەندیە گشتیەکان (روابط عموم)ی حیزبی دێموکرات، راگەیندنێکی لاواز، بێ ستراتێژی و کەم رەهەندیە، کە شیاوی بەرپرسایەتی و خەباتی حیزبێکی خاوەن میسیۆنی نەتەوایەتی نیە. ستراتێژی خاوەنی ناوەرۆکێکی رێبەری (رهبری) و بەرێوەبەری (مدیریتی)یە. هەروەک لە ناوەکەیدا دیارە ناوەرۆک و بەشەکانی ئەو دیارین: بەرێوەبەری ستراتێژیک، داڕشتنی ستراتێژیک، جێبەجێ کردنی ستراتێژیک و کۆنترۆلی ستراتێژیک پێواژۆی نوێی رێبەری و بەرێوەبەرین بۆ داڕشتن و جێبەجێ کردنی ستراتێژیەکان. قبووڵی ئەوە کە پرسی ستراتێژی پرسێکی بەرێوەبەریە و بۆ دارشتن، جێبەجێ کردن و کۆنترۆلی ستراتێژیەکان پێویست بە بەرێوەبەرانی لێهاتوو و خوان توانا دەکات، کە لە گەڵ بنەماکان و شێوازەکانی بەرێوەبەری و تەکنیکەکانی بەرێوەبردن ناسیاویان هەبێت، پێویستیەکی ئەمرۆیی حیزبی دیموکراتە لەوانەیە چاکتر و بەقازانجتر لەوە بێت کە حاشاکردن لەو پێویستیانە.

بەرێوەبەری ستراتێژیکی پێوەندیە گشتیەکان، پێویستی بە رێبەران و بەرێوەبەرانی گۆرانکاری خواز، نوێگەرا و داهێنەرە کە بە پرواوە هزری ستراتێژیک بکاتە فەرهەنگی ناو حیزب و بە پێکهێنانی بەستەری گونجاو، پێگەی پێوەندیەکانی گشتی حیزب لە ناوکۆمەڵگادا لە بەراورد لە گەڵ حیزب و لایەنەکانی دیکە و هەلومەرجی ئێستای پێوەندیەکانی حیزب چاکتر بکات و گەشەی پێ بدات.

ئەزموونی کۆمەڵگاکان  و رێکخراوە سەرکەوتووەکان و ئەزموونی شکست خواردووی تەلەڤیزیۆنی تیشك هەروەها چەندین ساڵ کار و تێکۆشەن لە ناو حیزبدا دەر دەخات کە بەرێوەبەرانی نەریتگەرا کە لانی زۆری هەستی گرێدراوەییان بە کۆمەڵگا و ریکخراوەکانی حیزبی هەیە و لە گەڵ سیستەمی کۆنباوی حیزب ڕاهاتوون، بۆیان ئاڵوگۆر لەراگەیاندن و پێوەندیە گشتیەکاندا کە پێویستی بە ڕاهاتنی سەرلەنوێ لە گەل هەلومەرجی فرەرەهەندی و فرەچەشنی ئێستا هەیە، ستراتێژیستی چاک نین. بەرێوەبەری ستراتێژیک لە پیوەندیە گشتیەکاندا وەک دیاردەیەکی نوێی بەرێوەبەری دەستکەوتی سروشتی پێگەیشتنی دیاردەیەکە کە لە جیهانی پێشکەوتوودا بەدەست هاتووە. ئەو دیاردەیە وەڵامێکە بە پێویستیەکانی هەنۆکەیی کۆمەڵگای لە حاڵی گۆران و سەدەی راگەیاندن و تەقینەوەی زانیاریەکان و کەشی رکەبەری چەمکی بەجیهانی بوونی فەرەنگ. سەرنج نەدان بەو پێویستیە سەرەتاییەکان و تەنیا روانینی کەرەسەیی بە پرسی ستراتێژیک و راگەیاندن لەوانەیە هەروەک چۆن ئەزموونی تاڵی تیشک تێقی نیشانی دا تووشی قەیرانێکی دیکەی راگەیاندنی بین. ئێمە لە هەلومەرجێکدا دەژین کە پێویستمان بە داڕشتنی ستراتژیەکی راگەیاندن و پێوەندیە گشتییەک هەیە کە بتوانێت فلەکسیبل و قابیلی ئینتعتاف، فرەچەشن، ئاڵوگۆرخواز و خاوەنی توانای ئاڵوگۆر لە شکڵ و ناوەرک و هەروەها کەڵک وەرگرتنی خێرا و دروست لە زانست بێت.

ئەمڕۆ میدیاکانی حیزبی دێموکرات و بەتایبەت رۆژنامەی کوردستان کەمترین رادەی خوێنەر و بەهرەوەرگرییان هەیە. بۆ ئەوەی بتوانین ببینە خاوەن میدیا و پێوەندیە گشتیەکانی بەهێز پێویست بە بڕیاری سیاسی و داڕشتنەوەی سەرلەنوێی ستراتێژی راگەیاندن و پێوەندیە گشتیەکانمان هەیە. ئەو رێکخراوانەی کە پێرەوی لە ستراتێژی دژکردەوەیی دەکەن، کە بەرامبەر ئاڵۆگۆرەکان و دیاردەکاندا نابەدڵانە هەڵسوکەوت دەکەن و ئەنجامەکەی دەبێتە هۆی داخرانی بازنەی "جەزابیەتی" حیزبی و دوورکەوتنی خەڵک لە رێکخراوە حیزبیەکان. بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی هەرەزۆری بەرێوەبەرانی حیزبی ئەو کەم و کوڕیانە هەست دەکەن و دەرک بە پێویستی گۆرانکاری دەکەن بەڵام توانایی و بوێری پێویستیان نیە بۆ پەسەنکردنی ستراتێژیەکی خۆگونج لە گەڵ هەلومەرجدا.

بەرێوەبەران و کاربەدەستانی پێوەندیە گشتیەکان و راگەیاندنی حیزبی دەبێ بتوانن بە کۆنترۆلی ستراتێژیک لە پێناو رێگا نیشاندان بە ڕاکشانی بیروڕای گشتی و سازماندەریان لە پێناو وەدیهاتنی ستراتێژیەکی شوێندانەر. بێگومان بە پروابەخۆبوون و بڕیاری شۆرشگێرانە دەکرێت نەریتەکۆنەکان بەجێ بهێڵندرێت و پێ بەپێ گۆرانکاریەکانی  رۆژ، گۆران بەسەر خۆیدا پێک بێنێت  بناغەکانی بەرنامەیەکی بتەوی پێوەندیە گشتیەکان و بەردەوامی گەشەپێدانی راگەیاندن پێک بهێنێت. ئەرکی کۆنگرەی شانزدەهەمی حیزب وەک بەرزترین ناوەندی بڕیاردانی سیاسی ئەوەیە کە بە دیاری کردنی ستراتێژی راگەیاندن و پێوەندیە گشتیەکان رێبەری داهاتوو ئەرکدار بکات راگەیاندنی حیزبی بەرۆژ و هەمەرەهەند بکرێت.

### جاڕنامەی ڕەوشتی دێموکرات پێویستی سەردەمی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە

لەوانەیە "سیمای دێموکرات" لە بیری زۆربەی هەرەزۆری پێشمەرگەکانی لەمێژینەی حیزبی دێموکرات بن، کە لە هەموو بنکە و مقەرەکانی حیزبیدا هەڵواسرابوو. "سیمای دێموکرات" جاڕنامەی ئەخلاقی و رەشتی دێموکرات بوو کەلەکاتی خۆیدا لە لایەن دکتۆر قاسملوو ریبەری خاوەن ویزیۆن و ستراتێژی زانی گەلی کورد دارێژرابوو. ئەمرۆ بەداخەوە لە کەمتر شوێنی حیزبیدا ئەو جاڕنامەیە دەبیندرێت. لەکاتێکدا جاڕنامەی ڕەوشتی دێموکرات یان سیمای دێموکرات لە هەمووکات پێویستترە. لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب و کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن و تەشکیلاتی حیزب لە دەرەوەی وڵات زۆرجار ناچار بووە لە ڕێگای ڕاگەیاندراوە جۆراوجۆرەکاندا خۆی لە هەڵەی هەڵوێستی سیاسی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب کە هێرش و سووکایەتیان بە ڕێکخراو و لایەنەکانی دیکە کردووە بێ بەری بکات و ڕێنوێنی ئەندامان بکات لە دەربرینی هەڵوێست لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکاندا.




ئالۆزبوونی ڕۆژ بەرۆژی ڕێکخراوەکان و زیاد بوونی کارەکانی دەرەوەی سنووری دیاری کراوی حیزبی یان دەرەوەی ئەخلاقی حیزبی، و نابەرپرسانە لە شوێنی چالاکی، لە پێوەندی لە گەڵ خەڵک و لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکاندا پێویستی سەرنجدان بە مژارەکانی ئەخلاقی کاری حیزبی و بەرێوەبەری ئەخلاق لە ناو حیزبدا زیاتر دەکات. لەو پێوەندیەدا زۆر لە ڕێکخراوەکانی جیهانی بە شێوەی فەرمی بنەماکانی ئەخلاقی و ڕەوشتی هەڵسوکەوتی ڕێکخراوەییان پێناسە کردووە و سیستەمی پەروەردەییان بۆ بەرەوپێش چوونی ڕەوشتی ڕێکخراوەیی خۆیان پێک هێناوە. ئامانجی ئەو نووسراوەیە پێشنیار کردنی جاڕنامەی ئەخلاقی بۆ حیزبی دیموکرات لە سەردەمی تۆرەکۆمەڵایەتی و

پێوەندیەکان و ئاڵوگۆڕەکانی خێرای کۆمەڵایەتیە.بەرزکردنەوەی باری ئەخڵاقی و رەوشتی رێکخراوەیی ئەندامانی خۆیان.

پرسی رەوشت و بەستەرەکانی پێوەنیدار بە رەوشتی رێکخراوەیی بووتە هۆی سەرهەڵدانی نیگەرانی زۆر لە رێکخراوەکاندا بەتایبەت لە پێوەندی لە گەڵ کاناڵەکانی راگەیاندندا. دەنیز ئەیواز ئەندامی کۆمیسیۆنی خزمەتگوزاریەکانی دەوڵەتی ئوسترالیا لەساڵی 2004دا لەو پێوەندیەدا دەڵیت: ئێمە دەبێ سیستەمەکانی کۆمەڵایەتی و رێکخراوەیی خۆمان لە پێناو ئەخڵاق بگۆڕین. دەنا وەک ئەوەوایە کە خەڵک ناچار بکەین لە بیابانێکدا بێ رێوشوێن و نەخشە شۆفێری بکەن و ئەمەش ئەنجامێکی چاکی لێ شین نابێت". ئەمە بەواتای ئەوەیە کە رێکخراوەکان دەبێ کارێک بکەن لە پێناو بەرز کردنەوەی ئاستی ئەخڵاقی رێکخراوەیی و هەڵسوکەوتی رێکخراوەیی ئەندامانیان.

چوارچێوەی ئەخڵاقی هەر رێکخراوێک، نیشاندەری ژینگەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و باوەڕەکانی ئەو رێکخراوەیە کە  جاڕنامەی ئەخڵاقی رێکخراودا خۆی دەنوێنێت. ئەوەی کە لە بەستەری سیاسی، ئابووری یان کۆمەڵایەتیدا وەک کرداری جێگای پەسەند گریمانە کراوە  بریتیە لە دادپەروەری، مافپارێزی، رەوشتی پاک، یەکسانی، جێبەجێ کردنی ئەرکەکان و دەروەست بوون بە باوەڕەکانی رێکخراوە. نیگەرانی لە ئاستی نزمی رەوشت لە رێکخراوەکاندا شتێکی نوێ نیە. کۆنفسیوس ستایشی خۆپارێزی و راستگۆیی کاربەدەستانی دەوڵەتی کردووە. گەندەڵی، زاڵبوونی پێوەندیەکان بەسەر بنەماکانی تەشکیلاتی و حیزبی و هەڵسوکەوتی دیکەی دەرەوەی رەوشتی حیزبی هەمیشە بەشێک لە کێشەکانی ناو حیزب و کۆمەڵگا بووە. کێشەیەک کە بەداخەوە تەنیا تایبەت بە حیزبی دێموکرات نیە و ئەمرۆ بەرۆکی هەموو کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی ناوەراستی گرتووە.

جاڕنامەی ئەخڵاقی رێکخراوە وەک رێکخەری پێوەندی نێوان کۆمەڵگای حیزبی دا گرینگیەکی تایبەتی هەیە و دەتوانێت بێ بوونی گوشاری دەرەوەیش رێنوێنی کردارەکانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی بێت. ئەخڵاق لە کردەوەکان، هەڵسوکەوت، پریاردانەکان و هەڵبژاردنەکان، لە پێوەندی لە گەڵ بەرەورووبوونەوە و پێوەندی بە جیهانی دەرەوە رۆڵێکی گرینگی هەیەو بە بێ بوونی سیستەمێکی ئەخڵاقی ئێمە ناتوانین بە دڵنیاییەوە هەڵسوکەوت و هەڵویستەکانی حیزبی و نا حیزبی لە یەک جیابکەینەوە. جاڕنامەی ئەخڵاقی ئاستی دەروەست بوون )متعهد) بوونی رێکخراو لە بەرامبەر ژینگەی ناوخۆیی و دەرەوەیی نیشان دەدات کە بە شێوەی روون و  شەفاف نووسراو و لە ناو بیروڕای گشتیدا بڵاو کراوەتەوە. لە هەلومەرجی ئێستای کوردستان و گۆرانکاریەکانی خێرادابوونی جاڕنامەیەکی پێویستیەکی هەنۆکەییە بۆ سەلماندنی ئاستی دەروەستی ئەخڵاقیمان لە پێوەندی لە گەڵ پرسەکانی نەتەوایەتی و مرۆڤیدا.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ گەشەپێدانی بناغەکانی فکری و هزری خۆی پێویستی بە جاڕنامەی ئەخڵاقی و گەشەپێدانی پەروەردەی جارنامەی ئەخڵاقی خۆی هەیە. لە جیهانی ئەمرۆدا

ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوەکان جاڕنامەی ئەخڵاقیان هەیە و ڕۆژ لە ڕۆژ ژمارەی ئەو ڕێکخراوانە زیاد دەبێت. گەرچی بەداخەوە حیزب و ریکخراوەکانی کوردستانی خاوەنی ئەو جاڕنامەیە نین، بەڵام هەروەکوو هەنگاوەکانی پێشووی حیزبی دێموکرات، ئەو حیزبە لە زۆربەی بوارەکانی پێوەندیدار بە داهێنانی سیاسی دەستپێشخەر و داهێنەری زۆر بنەمای سیاسی لە کوردستاندا بووە و کۆنگرەی شانزدەهەمی حیزبی دێموکرات دەتوانێت بە پەسەندکردن و واژۆکردنی جاڕنامەی ئەخلاقی ببێتە پێشرەوی پێکهاتنی کولتوورێکی ئەخلاقی نووسراوە لە جوغرافی سیاسی کوردستاندا.

## ڕۆڵی ئەخلاق لە گەشەکردنی حیزبدا

بە پێی  بنەماکانی بەرێوەبەری کوالیتە و چۆنیەتی سەرنج دان بە بنەماکانی ئەخڵاقی و بایەخەکان پیشمەرجی بەدەستهێنانی سەرکەوتنەکانی خوارەوەن:

- بە ئاکام گەیشتن، بەواتای گەیشتن بەو ئاکاکانەی کە بە قازانجی هەموو ڕێکخراوەیە
- خەڵکی بوون و بایەخدانان بۆ خەڵک و ڕێزگرتن لە بیروباوەریان و بەرپرسیارێتی بۆ وەڵامدانەوەیان
- ڕێبەری و سەقامگیری لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجەکان، ڕێبەری ئاسۆبین و ئیلهام بەخش،
- بەرێوەبەری لەسەر بنەمای دیاردەکان و ڕاستیەکان بە واتای گەشەکردنی ئاستی ڕێبەری کادرەکان و ئەندامان، بەرێوەبەری ڕێکخراو لە ڕێگای کاناڵە جۆراوجۆرەکان
- گەشەپیدانی بەشداری ئەندامان
- فێربوون و نوێگەرایی
- گەشەکردنی هاوکاری سیاسی و ڕێکخراوەیی لە گەڵ ڕێکخراوەکانی دیکە
- بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی حیزبی

## پێناسەی جاڕنامەی ئەخلاقی ڕێکخراو

جاڕنامەی ئەخلاقی بە شێوازی جۆراوجۆر پێناسە کراوە. بەشێک لەوان بەشێوەی خوارەوەن:

فرێدریکسۆن (1995) جاڕنامەی ئەخلاقی لە چوارچێوەی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندی گشتی پێناسە دەکات. ڕەهرۆ (١٩٨٩) بایەخەکانی باو لە ڕێکخراوەکانی دەوڵەتی پێرەوی بایەخەکانی هەبوو (مەوجوود) لە کۆمەڵگا و جیهانبینی حکوومەت دەزانێت. جاڕنامەی ئەخلاقی بە پړوای ناوبراو ڕەنگدانەوەی بایەخەکانی خاوەن هێز لە چوارچێوەی چالاکی و ئەرکەکانی

ڕێکخراو دا دەبێت. پۆنز و ئیشمیت (١٩٩٤) سەرنج دەداتە تاکگەرایی و کۆگەراییە و پێیان وایە کە بەڕێوەبەران دەبێ وێرای پاراستنی ئازادی و بایەخەکانی تاکەکەسی، ڕێز لە بەرژەوەندی و مەسلەعەتی بەکۆمەڵ و کۆمەڵگا بگرن و جاڕنامەی ئەخڵاقی ڕێکخراویش دەبێ لەسەر ئەو دوو بنەمایە واتە تاک و کۆمەڵ دابڕێژرێت. دویێل (١٩٩٩) باس لە سێ پێوانەی ئەخڵاقی بۆ ڕێکخراو دەکات: هەس بە بەرپرسایەتی بەرامبەر بە دەسەڵات یان بەرپرسایەتی تاکەکەسی، دوور بینی و خێرخوازی. سەرنجدان بەو سێ پێوانانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاکەکەس لە ڕێکخراودا لە ڕوانگەی بایەخ و ئەخڵاقیەوە توانایی بڕیاردانی دروست بەدەست بێنێت. دێنهارت (١٩٩١) بەو بڕوایەیە کە بناغەکانی ئەخلاقی بۆ جاڕنامەی ئەخڵآقی خاوەنی سێ ستوونی بنەمایین: شەرەف و ئابروو، چاکخوازی و دادپەروەری. بە پڕوای ئەو بەڕێوەبەران و کاربەدەستانی ڕێکخراو دەبی جۆرێک بڕیار بدەن کە کەڕامەتی تاکەکەسی هیچ کەسێک زیان نەبینێت. بە پڕوای ئەو جاڕنامەی ئەخڵآقی دەبێ ئەو سێ بنەمایانە دەستەبەر بکات. واروێک (١٩٨١) پێناسەیەکی دیکەی هەیە لە جاڕنامەی ئەخڵاقی ڕێکخراو: بە پڕوای ئەو مەنشووری ئەخلاقی چوار بەرژەوەندی لە خۆیدا کۆدەکاتەوە: یەکەم: مەسڵەحەتی گشتی، دووەم: مەسلەحەتی حکوومەت و یاسا، سێهەم: بەرژەوەندی و مەسڵەحەتی ڕێکخراوە و پیشەیی و چوارەم: بەرژەوەندی ومەسڵەحەتی تاکەکەسی.

## ڕۆڵی جاڕنامەی ئەخلاقی لە ڕێکخراودا

لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیەوە ئەخلاق وەک ڕێکخەری پێوەندی نێوان مرۆڤەکان هەمیشە خاوەنی گرینگیەکی تایبەتی بووە. لە بەڕێوەبەری و بوونی ئەخڵاقی ڕێکخراوەیی بە بێ پێویستی بە هێزی دەرەکی دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەڵسوکەوتی ئەخلاقی ئەندامانی ڕێکخراو تەزمین بکرێت و ڕێکخراو ببێتە خاوەن ڕۆحی مانەوی خۆی.

لە ڕوانگەی ڕێکخراوەییەوە، بە پشت بەستن بە بنەماکانی ئەخڵاقی بەڕێوەبەران دەتوانن بڕیار بدەن کە چی بەکەڵکە و چی نادروستە بۆ ڕێکخراوە. چ کەسێک لە ڕێکخراودا ڕێگای ڕاست دەروات و کێ ڕێگای چەوت دەپێوێت. کەوابوو بەبوونی جاڕنامەی ئەخڵآقی دەتوانێت بە ئاسانی لە پێوەندی لە گەڵ هەڵسوکەوتی ئەندامانی ڕێکخراوە بڕیار بدات و بڕیارەکانی جێبەجێ بکات.

ڕۆڵێ ئەخڵاق لە کردەوەکان، هەلسوکەوت و لە بڕیاردان و هەڵبژاردنەکان و هەڵسوکەوت و پێوەندی لە گەڵ جیهانی دەرەوە زۆر گرینگە. بۆیە بە پڕوای من باسکردن لە جاڕنامەی ئەخڵآقی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسێکی زۆر پێویست و گرینگە و لە کۆنگرەی داهاتووی حیزبدا پێویستە دەبێ و نابێیەکانی حیزبی دیاری و پێناسە بکرێن.

داڕشتن و نووسینی جاڕنامەی ئەخڵآقی حیزبی هاوبایەخی جێبەجێ کردنی ئەو جاڕنامەیە. لەڕاستیدا گرینگترین مەرجی جێبەجێ کردنی جاڕنامە داڕشتنی دروستی جاڕنامەیە.

- جاڕانامەی ئەخڵاقی ڕێکخراو پێرەوی لە بەرنامەی سیاسی و قەوارەی ڕێکخراوەیی ڕێکخراو دەکات و زۆرتر ئەوکارو کردەوانەی لە ڕوانگەی پێرەوی ناوخۆی ڕێکخراوەوە جێی پەسەندن دەنووسرێت
- جاڕنامەی ئەخڵاقی ڕێکخراو دەبی بەشێوەیەک گشتگر بێت کە هەموو ئەندامان و لایەنگران و چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا خۆیان تێدا ببیننەوە و پشتیوانی لێ بکەن و بەئاوات بن کە ژیانی ئەوان  بە ئاستی ئایدیئالەکانی مەنشووری ئەخڵاقی سازمان بگات
- مەنشووری ئەخڵاقی دەبێ بە جۆرێک بێت کە حیزب وەک ئەندامێکی شوێندانەر و بەکەڵک لە ناو کۆمەڵگادا ببیندرێت و هەموو تاکیکی کۆمەڵگا خۆی لە چوارچێوەی ئەو جاڕنامەیەدا کامڵ و تەواو هەست بکات
- شکلی دەرەوەی مەنشوورەکە دەبێ پێویستیەکانی فەرهەنگی و هتدی کۆمەڵگا لە بەرچاو بگرێت.

**وەک کۆتایی:** جاڕنامەی ئەخڵاقی ڕێکخراو بەرپرسایەتیەکانی ئەخڵاقی ڕێکخراو لە بەرامبەر ژینگەی دەرەوەیی و ناوخۆیی مسۆگەر دەکات. جاڕنامە هەروەک لە ناوەکەیدا دیارە چەند ڕەهەندی و هەرکام لە ڕەهەندەکانی پێوەندی بە بەرژەوەندیەکی ئەو هەیە لە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕێکخراودا. هێلی گشتیەکانی حیزب لە بەرامبەر بە خەڵک، لەبەرامبەر رکەبەرەکان، ڕێکخراوەکانی ئەندام، ئەندامان، پشتیوانان، شارۆڤەندانی ئاسایی، ژینگە و هتد. بوونی جاڕنامەی بەهێز و پەروەردە و جێبەجێ کردنی ئەو دەتوانێت ببێتە هۆی بەهێز بوونی حیزب لە هەموو بوارەکانی ڕێکخراوەیی، پێوەندیە گشتیەکان و بەڕێوەبەری و ڕاگەیاندندا. جاڕنامەی ئەخڵاقی نەخشەڕێگای هەڵسوکەوتی ڕێکخراوەیی و پێوەندی نێوان ئەندامان و بەرپرسانە بەوەش لە هەلومەرجی ئالۆزی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی کوردستاندا ڕۆڵی نەڤیگەیتۆر و قیبلەنما بۆ کار و چالاکیەکانمان بگێرێت.

کۆتایی

بە هیوای کۆنگرەیەکی دەوڵەمەند، بەهێز و خاوەن بڕیاری پێشکەوتوانە بۆ دوارۆژی نەتەوەکەمان